جەلادەت عالی بەدرخان
"هەرەکۆل ئازیزان"

لەبارەی کێشەی کوردەوە

سەبارەت بە دوورخستنەوەو بڵاوەپێکردنی کوردان

وەرگێڕ
زریان ڕۆژهەڵاتی

بنکەی ژین
سلێمانی ٢٠٠٦

٩٥٦,٤٦

ب ٢٨٢ بەدرخان، جەلادەت عالی.

لەبارەی کێشەی کوردەوە: سەبارەت بە دوورخستنەوەو بڵاوەپێکردنی کوردان / نووسینی جەلادەت عالی بەدرخان، لە تورکییەوە وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی. — سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٦.

ل، ١٤,٥ × ٢٠,٥ سم.

١- کوردستانی تورکیا- مێژوو ئ- ڕۆژهەڵاتی، زریان (وەرگێڕ)

ب- ناونیشان

کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پێڕستو پۆلێنی ئامادە کردووە

سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح

زنجیرە: ٣٢

کتێب: لەبارەی کێشەی کوردەوە، سەبارەت بە دوورخستنەوەو بڵاوەپێکردنی کوردان

نووسەر: جەلادەت عالی بەدرخان

لە تورکییەوە وەرگێڕان: زریان ڕۆژهەڵاتی

تایپ: بەیان محەمەد عەبدوڵڵا

مۆنتاج: ڕێنوار

بەرگسازی: قادر میرخان

خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید

تیراژ: ١٠٠٠

شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

ژمارەی سپاردن: ٢٢٩ی ساڵی ٢٠٠٦

لە بڵاوکراوەکانی

بنکەی ژین

بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی

هەرێمی کوردستانی عیراق- سلێمانی، گەڕەکی ١٠٤ ئاشتی، کۆڵانی ٣٩، خانووی ژمارە ١٠،

(بەرامبەر بە قوتابخانەی سەرەتاییی ئەردەڵان)

تەلەفۆن: ٣١٣٣١٠٥ مۆبایل: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یان ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ ژمارەی سنووقی پۆست: ١٤

E.mail: bnkaizhin@ yahoo.com

وەرگێڕانی ئەم کتێبە
پێشکەشە بە هاوڕێی خۆشەویستم
"**دیجلە**"

جەلادەت عالی بەدرخان

ساڵی ١٨٩٣ لە ئەستەمبووڵ لەدایک بوو و، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیشی هەر لەوێ تەواوکرد. کاتی شەڕی یەکەمیجیهانی، لەنێو ڕیزەکانی سوپای عوسمانیدا، لە جەبهەی قەفقاسیا جێگەی خۆی گرت و، دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی کەوتە ناو هەوڵ و تەقەلای یەکخستنی خێڵە کوردیەکان. ساڵی ١٩٢٢ لەگەڵ کامەران بەدرخانی برایدا دەربازی ئەڵمانیا بوو. لەوێش، سەرەڕای هەموو زۆری و زەحمەتییەك خوێندنی خۆی درێژە پێدا. ساڵی ١٩٢٥ چووە قاهیرە و، دواتریش لە سووریا نیشتەجێ بوو.

لە سووریا، لەگەڵ حاجۆ ئاغا و ڕۆشنبیرە ناودارەکانی کورددا، ڕۆڵێکی چالاکانەی لە دامەزراندنی ڕێکخراوی (خۆیبوون)دا گێڕا. دوو گۆڤاری کوردیی بە ناوی "هاوار" و "ڕۆناهی"یەوە دەرکرد. دوای ماوەیەکی کورت "هاوار"ی بە پیتی لاتینی دەرکرد. لە ١٥ی تەمووزی ساڵی ١٩٥١دا لە شام چاوی بەڕووی دونیادا بەست.

هەموو بەرهەمەکانی جەلادەت عالی بەدرخان، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

– یادداشتی ڕۆژانە (١٩٢٥–١٩٢٢)، ئامادەکردنی مالمیسانژ.

– سەبارەت بە کێشەی کورد(تورکی– فەڕەنسی) Dela Questin Kurde

– وەرە دۆتمام. شیعرەکانیەتی Were Dotmam.

- زەلامەك‌و زمانەك"Zilamek û zimanek" نووسراوەكان.

- بنگـەهێن گرامێـرا كوردمـانجی– (كـوردی–تـوركی). Bingehên Gramera Kurdmanc.

یاسای دوورخستنەوەو بڵاوەپێکردنی کوردان

ئـەم یاسـایە لەلایـەن حکوومـەتی کۆمـاری تورکیـاوە دەرکـراوەو، دەرکردنی کوردان لە خاکی کوردستان و جێگیرکردنی تورکەکانی تێدا کـراوە بـە ئامـانج. بـەم شـێوەیەش، بەتێپـەڕبوونی سـەدان سـاڵ، ئـەو کوردانـەی وا لـە شـوێنی لـەدایکبوونی خۆیـان دوورخراونەتـەوەو لـەنێو تورکەکانـدا پـەرش و بڵاوبـوون، وردە وردە زمـانی دایکـی خۆیـان فـەرامۆش دەکـەن و یاسـاو ڕێسـاو کولتـووری خۆیـان لەدەست دەدەن و لەنێو تورکەکاندا دەتوێنەوەو دەبن بە تورك.

١٩٣٤

لە ڕادیۆو... بەشێوەیەکی بەردەوام هەواڵی وەکوو:

تورکـەکان و ئێرانیـەکان و عیراقیـەکان لـە سـنوورە هاوبەشـەکانی خۆیانـدا بـەدوای یـاخی و چـەتە کوردەکانـدا دەگـەڕێن، دادگـای سەربەخۆیی تورکیا زیاتر لە دەیان کوردی سەرهەڵداوی مەحکووم بە ئیعدام کردو ... هتد، پەخش دەکەنەوە.

کەواتە کێشەیەك بەناوی کێشەی کوردەوە لەئارادایە. ئەم کێشەیە چـییەو سەرچـاوەکانی کامانـەن ؟ ئامـانجی سـەرەکیی سـەرکردە کوردەکان چییە ؟

, Locient ١ی ئەیلوولی ١٩٣٤

بێگومان کێشەی کورد هەبوەو هەتاکوو کوردی کۆیلەکراو لەسەر زەوی بمێنێ، بەردەوام دەبێ.

کێشەی کورد لە قۆناغێکی نزیکەوە دەرنەکەوتووەو شتێکی تازە نییە، دوێنێ و چەند ساڵ بەر لە ئەمڕۆ پەیدا نەبوەو، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ بەر لە ئێستاو، بە هیچ جۆرێك رووی چارسەری بەخۆوە نەبینیوە.

مێژووی ئەم کێشەیە، لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا، تەنیا لەلایەن هەندێك ڕۆژهەلاّتناس و گەشتیارەوە پێدەزانرێ، کە لە وڵاتەکەماندا گەڕاون و زانیاریی باشیان لەو بارەیەوە بەدەست هێناوە.

لەبەر بارودۆخی جوغرافیای وڵاتی کوردان، تەنیا لەدوای شەڕی جیهانییەوە تـوانراوە وەکـوو کێـشەیەکی ناونەتـەوەیی، بـاس لـە کێشەکەیان بکرێت. شەڕی جیهانی بوو بە هۆی دابەشبوون و ڕووخانی ئیمپڕاتۆریای عوسمانی و هەڵی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ ئەو نەتەوانە ڕەخساند کە لەڕاستیدا پێکهاتەی ئیمپڕاتۆریاکەیان دروست کردبوو.

مەبەستی سەرەکیی ئەم بابەتە دەرخستنی ناوەڕۆك و شیکردنەوەی یاسای دوورخستنەوەی کوردانە کە لە (٥ی مایسی ١٩٣٢)دا بەشێوەیەکی فەرمی ڕاگەیەندراوە. هەروەها لەبەر ئەوەش کە حکوومەتی تورکیا بە نیازە لە ماوەیەکی کورتدا ئەم یاسایە جێبەجێ بکات، بەشێوەیەکی کورتیش باس لە قۆناغە مێژوووییەکانی کێشەی کورد دەکەین.

یەکەم ڕێکخراوو کەسایەتیە سیاسیەکانی کورد خۆی لە خۆیدا دوای شەڕی جیهانی، لەڕێگەی کتێب و بابەتەکانیانەوە بە زمانی جۆراوجۆرو لە

ڕۆژنامەی جیاوازدا هەوڵی ناساندنی کێشەی کوردیان داوە. هەر لەبەر ئەمەش، ئێمە بەر لەوەی بچینە سەر باسی سەرەکیی خۆمان سەبارەت بە ڕیشەی کێشەی کورد، تەنیا ئاماژە بە چەند خاڵی پێویست دەکەین.

وڵاتی کوردان هەتاکوو یەکەم شەڕی جیهانی بەشێوەیەکی بنچینەیی لەنێوان تورکیاو ئێراندا دابەش کرابوو. دەستەواژەی "کوردستانی عیراق" و"کوردستانی سووریا"، لەدوای ڕووخانی ئیمپڕاتۆریای عوسمانییەوە، وەکوو بەرهەمە تازەکانی شەڕی جیهانی، هاتنە ئاراوە. بەڵام کوردەکانی قەفقاسیا، بەر لە شەڕی جیهانیش هەر لەژێر دەسەڵاتی ڕووسەکاندا بوون.

وەك ئەنجام دەتوانرێ لە کوردستانی تورکیاو ئێراندا، لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە سەرچاوەکانی کێشەی کورد ئەنجام بدرێ. وەك دەزانرێ، حکوومەتی ئێران تاوەکوو ئەم ساڵانەی دواییش توانایی و هێزی سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی میرە کوردەکانی نەبوو و، نەیدەتوانی دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ. بەپێچەوانەوە، میرەکانی ئەردەڵان بۆ چەندین جار هەڕەشەی لەناوبردنی تەختی دەسەڵاتی پادشاکانی تارانیان کردبوو، لەدواییدا حکوومەتی تاران تەنیا بەڕێگەی فێڵ و تەڵەکە توانیی ئەو میرنشینە بڕووخێنێ.

پادشاکانی تاران بۆ گەیشتن بەم ئامانجەیان، تا ئاستی تێکەڵیی بنەماڵەیی، هەوڵی دروستکردنی پەیمانی هەمەجۆریان لەگەڵ میرەکانی ئەردەڵاندا دابوو. دایکی میرەکانی ئەردەڵان، کە هەمان شازادەکانی

کۆشکی تاران بوون، لە کۆشکی سیناندژ [1] (سنە) بەردەوام تەقەلای بەجێهێنانی فەرمانەکانی باوکی پادشایان لە تاران دەداو، لەدواییشدا ئەرکەکانیان بە سەرکەوتوویی ئەنجام دا. بەر لەوەی ئەم شازادانە بچنە ناو کۆشکی میرەکانی ئەردەڵان، میرە کوردەکان هیچ ئاگایان لە ماددە سڕکەرەکان و خواردنەوە ئەلکولیەکان نەبوو کە ئەو سەردەمە لە ئێراندا بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنران.

پەیوەندیی هاوسەریو تێکەڵیی بنەماڵەییی میرەکانی ئەردەڵان لەگەڵ پادشاکانی تاراندا، تەنانەت کاریگەریشی لەسەر بیروباوەڕی میرە کوردەکان دانا“ ئەمانە بە پێچەوانەی هەم کەش‌و هەوای فاناتیزمی دینیی سونەگەراییی ئەو سەردەمەو، هەم بیرو بۆچوونی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، مەزهەبی شیعەیان پەسند کرد. ئەمەش لە پێوانێکی گەورەدا بوو بە هۆی ئەوەی کە ئاستی قورسایی‌و کاریگەریی ئەمانە لەنێو خەڵکدا کەم ببێتەوە [2] ؟

---

[1] ساناندژ، پایتەختی میرنشینی ئەردەڵان بووە. ئەم ناوە وشەیەکی لێکدراوی کوردییە، لە "سانان"و"دژ" پێك هاتووە. "سان" بە واتای لوتکەی چیایەو ناسناوی میرە کوردەکانەو واتای شازادەش دەدات. "دژ"یش واتای قەڵا دەدات. یانی ساناندژ دەبێ بە قەڵای شازادە یاخود میرەکان. ئەمڕۆ ئەم ناوە بەشێوە کورتکراوی "سنە" بەکاردەبرێت‌و، شارەکەش ناوەندی بەڕێوەبەرایەتیی کوردستانی ئێرانە (ڕۆژهەڵاتی کوردستان).

[2] سەرەڕای ئەوەی کە هەردوکیان موسڵمانن، بەڵام ناکۆکییەکی قووڵ لەنێوان شیعەو سوننەدا هەیەو شیعە، سوننە بە ناموسڵمانێکی دوورتر لە خۆی لە قەڵەم دەدات، ئەمەش تا ئەو جێگەیەی پەرەی سەندووە کە ئەگەر سوننەیەك ئاو لە

ئێرانی ئەمڕۆش، بەتایبەتی لە دوای هاتنە سەرکاری ڕەزاشای پەهلەوییەوە، زیاتر لەوەی کە لاسایی تورکیای مستەفا کەمال پاشا بکاتەوە، هیچ شتێکی تر ناکات. هەموو بەگزادەکانی کوردستانی ئێرانیان لە وڵاتی خۆیان دوورخستەوەو، ناچاریان کردن هەتا کۆتایی تەمەنیان لە پایتەختی ئێران بمێننەوە.

لەلایەکیتریشەوە، لە هەر هەلومەرجێکدا کە هەوڵی کۆکردنەوەی چەكو تەقەمەنیی کوردەکانیان دەدا، هەر جۆرە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، ئابووریی کوردی قەدەغە کرابوو. هەروەها هاوردنی پلاکی کوردیو: [پەلێکی لاستیکی کە بۆ گوێگرن لە گرامافۆن بەکاریان دەهێنا] بۆ ناو خاکی ئێران، بە هەموو جۆرێك قەدەغە بوو. لەلایەکیتریشەوە، هەروەك چۆن لە تورکیا بۆ ئەوەی باس لە کێشەی کوردان نەکرێت، کوردەکان وەکوو "تورکی چیایی" ناوزەند دەکرێن، لە ئێرانیش بەهەمان شێوە وەکوو "ئێرانیە چیاییەکان" ناو دەبرێن. دەوڵەتی ئێران، بەقەدەر دەوڵەتی تورکیا، خۆی ڕێك نەخستووەو لەو بارەیەوە پێش نەکەوتووەو، لەبەر ئەوەی متمانەی بە (سوپا تازە دروستکراوە)کەی نییە، وەکوو تورکیا کوردەکان ناچاری کۆچی بەکۆمەڵ ناکاتو ستەمی ئاشکرایان لێ ناکات.

لەبەر ئەوەی یاسای دوورخستنەوەی کوردان لە تورکیا دەرکراوەو دژ بە کوردەکانی ئەوێیە، باسی وردەکاریی تر ناکەینو، یەکسەر

پەرداخی شیعەیەکدا بخواتەوە، کەسی شیعە لەو بڕوایەدایە پەرداخەکە بە شۆردن پاك نابێتەوە، بۆیە بۆ ئەوەی خۆیو شیعەیەکی تر پیس نەبێ، پەرداخەکە دەشکێنێ.

دەچینە سەر باسی بابەتی کێشەی کورد لە تورکیا و لە چۆنیەتی دەرکەوتنی کێشەی کوردان کە سەدان ساڵە لەژێر دەسەڵاتی تورکیدان، دەدوێین.

سەرەتای سەدەی ١٦ میرە کوردەکان بەبێ شەڕو بە ویستو داخوازی خۆیانو بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی خۆیان، بەپێی پەیمانێکی دوولایەنە، سەروەریی دەسەڵاتی سوڵتانە تورکەکانیان قەبووڵ کرد. ساڵی ١٥١٤و لەگەڵ شەڕی سوڵتان سەلیمی یەکەمدا دژی شای ئێران، کوردەکان بەپێی هەلومەرجی سەپێندراو لە دووڕییانی هەڵبژاردنی دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریای تورکی یاخود ئێرانیدا مانەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە هەردوکیان ئارییایین و ڕیشەیەکی نەژادیی هاوبەشیان هەیە، بەڵام کوردو ئێرانییەکان پێکەوە نەگونجانو نەگەیشتنە ئەنجامێك. کوردەکان سوننە بوونو ئێرانیەکانیش شیعە، هەر لەبەر ئەمەش ڕێك نەدەکەوتن. ئەم سەردەمە، هەستە دینیەکان لەنێو هەموو گەلاندا لە سەرووی هەموو هەستەکانی ترەوە بوونو زیاتر بایەخیان پێ دەدرا. لە ئەنجامدا میرە کوردەکان بڕیاری وابەستەییی خۆیان بە سوڵتانی سوننەی تورك سەلیمی یەکەمەوە ڕاگەیاند. شایانی باسە، پادشای ئێرانیش شایەکی موسڵمان بوو، بەڵام تەنیا جیاوازیەکەی ئەوە بوو کە شیعە بوو.

هەر لەدوای ئەمەوە، کێشەیەك بەناوی کێشەی کوردەوە لە ساڵانی دەسەڵاتداریی ئیمپڕاتۆریای عوسمانیدا خۆی نیشان دا. جێی وتنە، بەپێی جیاوازیی قۆناغەکانو چەمکی تایبەت بەوانە، لەم کێشەیەشدا جیاوازی لە ئاستی فۆرمو ناوەڕۆکدا بەدی دەکرێ.

کێشەی کورد، جاروبار نموونەی جووڵانەوەیەکی فیوداڵیی تایبەت بە خۆی پێشکەش دەکات و، جاروباریش لە قۆناغە جیاوازەکانی حکوومەتی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا فۆرمی تێکۆشانێکی دینی نیشان دەدات. لەم وەزعەی دواییدا کە زۆر نابێ بە هۆی ئاژاوەو گرژییەکی قووڵ، بابەتی ناکۆکیی حەنەفی و شافیعیەکان لەئارادا بووە. لەکاتێکدا حەنەفی بوون نیشانەی تورکایەتی بوو، لە تەواوی ئەنادۆڵدا بەس بە تەنیا کوردەکان شافیعی بوون. دوای ماوەیەکی تر، خێڵە کوردەکان ئاگاداری ئەوە دەبنەوە کە سەربەخۆیی و ئازادییان بە ئەندازەی خودی ژیان بەهادارە بۆیان و، هەر لەبەر ئەوەش بەرامبەر بە دەسەڵاتی تورکی قۆناغێکی سەرهەڵدانیان دەست پێکرد.

لە ڕۆژی ئەمڕۆشماندا ئامانجی نەتەوەیی کە کاراکتەری ئەم سەدەیەیە، بووە بە سیمای جووڵانەوەی کوردی. شایانی باسە، ئەم لایەنەی جووڵانەوە کوردیەکان، شتێك نییە لە ماوەیەکی کورتدا دەرکەوتبێ و، ڕابردوویەکی خۆی هەیە. بۆ نموونە، داخوازیی نەتەوەیی هەر لەزووەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا پێشکەوتبوو، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدە. ئەوی ڕاستی بێ ئەحمەدی خانی کە لە ساڵی ١٠٦١ی کۆچیدا لەدایك بووە، یەکەمین پێشەنگی ڕاستەقینەی ناسیۆنالیزمی کوردی بووە. بابەتی بەرهەمەکەی (مەم و زین) ناوەڕۆکێکی نەتەوەییی هەیەو، تەنیا باسی کوردایەتی و کوردستان دەکات. قارەمانەکانی ناو (مەم و زین) سەمبۆلن. ئەو قارەمانەی وا سەمبۆلی کوردستانە، بەبەندکراوی دەهێنێتە پێش چاوی

خوێنـەرو وەهـا نیـشان دەدات کـە هاوڕێکـانی هـەوڵو تەقەلایـەك بـۆ ئازادکردنی ئەو قارەمانە دەدەن[٣] .

[٣] لێرەدا سـەبارەت بـە ڕوشـنبیرێکی کـوردو ئامۆژگاریـەکانی لەسـەر کوردایـەتی، لەکاتێکدا کـە بیری نەتەوایـەتی لـە ئەوروپاشـدا بەتـەواوەتی گەشـەی نـەکردبوو، بۆچوونێك دەدەین بەدەستەوە. جێی باسـە ئـەم ڕۆشـنبیرە تـەنیا لـە قوتابخانـەدا پەروەردەی بینیوە، کەچی سەرەڕای ئەوە بۆچوونی وەهای پێش چاو خستووە. ئەمەی وێڕای بـوونی خەلیفایـەتیو فانـاتیزمی دینـی کـردووەو، بـە گرێدانێکی پیرۆزەوە پەیوەندیی داوە بە دەسەڵاتداری کوردەوە.

لێـرەدا وەرگێـڕدراوی شـیعرێکی شـاعیر (ئەحمـەدی خـانی) لەسـەر بـارودۆخی کوردانو خەفەتەکانی لەبەر ئەوە دەهێنینەوە:

قەط مومکینە ئەڤ، چەرخ لەولەب
طالع ببتن ژ بۆ مە کەوکەب
بەختێ مە ژ بۆ مەرا ببت یار
جارەك ببتن ژ خواب هشیار
ڕابت ژ مە ژی جهانپەناهەك
پەیدا ببتن مە پادشاهەك
شیرێ هونەرا مە بێتە دانین
قەدرێ قەلەما مە بێتە زانین
دەردێ مە ببینتن عەلاجێ
علمێ مە ببینتن ڕەواجێ
گەر دێ هەبوا مە سەرفەرازەك
صاحبکەرەمەك، سوخەنەوازەك
نەقدێ مە دبوو ب سککە مەسکووك
نەدما وەهە بیڕەواجو مەشکووك

هەرچەند کو خاڵص‌و تەمیزن
نەقدێنێ ب سککەئێ عەزیزن
گەر دێ هەبوا مە پادشاهەك
لائق بدیا خودێ کولاهەك
تەعیین ببووا ژ بۆ وی تەختەك
ظاهر ڤە دبوو ژ بۆ مە بەختەك
حاصڵ ببووا ژ بۆ وی تاجەك
ئەلبەتتە دبو مە ژی ڕەواجەك
غالب نەدبوو ل سەر مە ئەڤ، ڕووم
نەدبوونە خەرابەیێ د دەست بووم
ئەمما ژ ئەزەل خودێ وەسا کر
ئەڤ، ڕووم‌و عەجەم ل سەر مە ڕاکر
تەبەعییەت وان ئەگەر چ عارە
ئەو عار ل خەلقێ ناماره
ناموسە ل حاکم‌و ئەمیران
تاوان چییە شاعرو فەقیران
لەوڕا کوو جهان وەکی عەرووسە
وی حوکم ددەست شیرێ ڕووسە
لێ عەقدو صەداق‌و مەهرو کابین
لوطف‌و کەرەم‌و عەطا و بەخشین
پرسی ژ دنێ من ئەو ب حیکمەت [لەنێو کورددانددا پیاو شیربایی دەدات-ج-ع-ب]
مەهرا تە چ، گۆتە من کو هیممەت
ئەز مامە د حیکمەتا خودێدا
کرمانج د دەولەتا دنێدا

ئایا ب چ وەجهی مانە مەحرووم
بیلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم
وان گرت ب شیری شەهر شوهرەت
تەسخیر کرن بیلاد هیممەت
هەر میرەکێ وان ب بەذل حاتەم
هەر میرەکی وان ب ڕەزم ڕۆستەم
ب فکر ژ عەرەب حەتتا ڤە گورجان
کرمانج چ بوویە شەبیهێ بورجان
ئەڤ، ڕووم و عەجەم ب وان حەصارن
کرمانج هەمی ل چار کنارن
هەردوو طەرەفان قەبیلێ کرمانج
بۆ تیرێ قەضا کرینە ئامانج
گۆیا کو ل سەرحەدان کلیدن
هەر طائیفە سەددەکن سەدیدن
ئەڤ، قولزوومی ڕووم و بەحر تاجیك
هندی کو بکەن خرووج و تەحریك
کرمانج دبن ب خوون مولەطەخ
وان ژێك ڤەدکەن میثالی بەرزەخ
جوامێری و هیممەت و سەخاوەت
میرێنی و غیرەت و جەلادەت
ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلێ ئەکراد
وان دانە بە شیر هیممەتێ داد
هندی ژ شەجاعەتێ غەیوورن
ئەو چەند ژ مننەتێ نفوورن
ئەڤ، غیرەت و ئەڤ علوو هیممەت

بوو مانعێ حەملێ بارێ مننەت
لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن
دائیم ب تەمەڕڕود و شقاقن
گەر دی هەبوا مە ئیتیفاقەك
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەك
ڕووم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیان ژ مەڕا دکر غولامی

واتای گشتیی شیعرەکە، بارودۆخی دەروونی و خەم و ئازارەکانی شاعیر دەخاتە ڕوو. لەم شیعرانەوە ئەوە باش دەردەکەوێ کە "خانی" نەیویستووە کوردان بە شیعرەکانی خۆی هان بدات بۆ ئامانجی کۆیلەکردنی نەتەوەکانی تر. ئەو شتەی کە کوردان لەپێشەوە داوایان کردووەو ئێستاش دەیانەوێ، ئەوە نییە کە بەسەر چارەنووسی ئەم و ئەودا زاڵ بن، بەڵکوو تەنیا ویستویانە مافی چارەنووسنی پاراستنی بوونی خۆیان هەبێ.

خانی، بە سادەیی و خاکیبوونێکی تایبەت بە شاعیرە ڕۆژهەڵاتیەکان، لە بەرهەمە سەرەکیەکەی خۆیدا، یانی "مەم و زین"،باسی ئەو هۆیانە دەکات کە ئیلهامی لێ وەرگرتوون. ئەمە لە نموونەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەوێ:

خانی ژ کەمال بێ کەمالی
مەیدانا کەمالێ دیت خالی
یەعنی نە ژ قابل و فەقیری
بەلکێ ب تەعەصوب و عەشیری
حاصڵ ژ عیناد، ئەگەر ژ بی‌داد
ئەڤ، بیدعەتە کر خیلافێ موعتاد
صافی شەمراند ڤەخوار دوردی
مانەند دوڕڕی لیسانی کوردی

ئينايه نيظام و ئينتيظامى
كێشايه جەفا ژ بۆيى عامى
دا خەلق نەبێژتن كو ئەكراد
بێمەعريفەتن ب ئەصڵ و بونياد
ئەنواع ميلەل خودان كتێبن
كرمانج تنێ د بێحەسێبن
هەم ئەهل نەظەر نەبيێن كو كرمانج
عەشقى نەكرن ژ بۆ خوە ئارمانج
كرمانج نە پڕ د بێكەمالن
ئەمما د يەتيم و بێمەجالن
بيلجوملە نە جاهل و نزانن
بەلكى د سەفيل و بێخودانن

خانى، لە شوێنێكدا كە باسى بەرهەمە ڕەمزييەكەى دەكات، ئەمانە دەنووسێ:
شەرحا غەمێ دل بكەم فەسانە
زينێ و مەمێ بكەم بەهانە
نەغمێ وە ژ پەردەيێ دەرينم
زينێ و مەمێ ژ نوو ڤەژينم
دەرمان بكەم ئەز ئەوان دەوا كەم
وان بێمەدەدان ژ نوڤە راكەم

شاعير كاتێ باسى بەهاى شيعرەكانى دەكات، وەها دەڵێ:
ئەڤ، ميوە ئەگەر نە ئابدارە
كرمانجييە ئەو قەدەر ل كارە
ئەڤ، طفلە ئەگەر نەنازەنينە

نەوبارە ب من قەوی شرینە
ئەڤ، میوە ئەگەر نە پڕ لەذیذە
ئەڤ، طفلە ب من قەوی عەزیزە
مەحبووبو لباسو گوشوارە
مولکێ د منن نەموستەعارە
ئەلفاظو مەعانیو عیبارات
ئینشاءو مەبانیو ئیشارات
مەوضووعو مەقاصیدو حیکایات
مەڕموزو مەناقیبو دیرایات
ئوسلووبو صیفاتو مەعناوو لەفظ
ئەصڵەن نەکرن مە یەك ژ وان قەرض
بیلجوملە نەتایجی دفکرن
دووشیزە و نەوعەرووسو بیکرن
یا ڕەب مەدە دەستێ خەلق ناساز
ڤێ شاهید دلڕوبای طەنناز

خانی کاتێك باسی خۆیشی دەکات، ئەمانە دەنووسێ:

ئەز پیلەوەرم نە گوهەریمە
خودڕەستەمە ئەز، نەپەروەریمە
کرمانجمو کووهیو کەناری
ڤان چەند خەبەرێد کوردەواری
ئیمضا بکن ئەو ب حوسن ئەلطاف
ئیصغا بکن ئەو ب سەمع ئینصاف
سەهوو و غەلەطان نکن تەعەجوب
تەئویل بکن ژ بۆ تەعەصوب

لێرەدا چەند پاراگرافێکی کتێبی فەرهەنگی دیپلۆماسی نووسینی ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ بەڕێز ڤاسیلی نیکیتین لەسەر چۆنیەتی دەرکەوتنی کێشەی کورد بە نموونە دەهێنینەوە:

سەرڕای ئەوەی کە کێشەی کورد لە مەیدانی سیاسیی ناونەتەوەییدا جێگەیەکی تایبەتی بەخۆی هەیە، لەمەودوا ناتوانرێ نکوولی لە هەبوونی ئەم کێشەیە بکرێ.

بەر لەوەی بچینە سەر ناوەڕۆکی باسەکەمان، پێویستە بڵێین: تەنانەت لە سەردەمێکیشدا کە وشەی کورد لەگەڵ جووڵانەوە یان ئیسلامیەکان و بزووتنەوەی گەورەی ئەرمەندا دەهاتەوە یاد، دیسان لە دۆسیەی وەزارەتەکانی داددا و تا ئاستێکی بەرز چاوپۆشی لە کێشەی کورد کراوە. بە کورتی، قۆناغە گرنگەکانی پێشکەوتنی کوردان بەپێی خوارەوەن.

مێژووی مۆدێرنی کورد بە سێ قۆناغ دابەش دەکرێت:

١- **قۆناغی فیۆداڵیتەی کورد.**

بەرلە تەواوکردن دوو دێڕی شاعیر وەردەگێڕینەوە کە باس لە تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکات:

حاصڵ کوو دنیا ب شێرو ئیحسان

تەسخیر دبت ژ بۆ وی ئینسان

*وەرگێڕ:

(لەم پەراوێزە درێژەدا کەڵك لە ئەحمەدی خانی، مەموزین (وەرگێڕدراوی تورکیی محەمەد بوز ئارسلان، بڵاوکردنەوەی دەنگ –ئەستەمبووڵ، ١٩٩٦) و کوردستان کۆڵۆنیای نێودەوڵەتیی ئیسماعیل بێشکچی وەرگیراوە).

لەگـــەڵ ئـــەوەی کـــە فیوداڵیتـــەی کـــورد بەشـــێوەیەکی ئاشـــکرا ناڕەزاییـــەکانی خـــۆی دەردەبـــڕی، بـــەڵام لـــە چوارچـــێوەی دەوڵـــەتی عوسمانیـداو کـاتی سـوڵتان سـەلیمی یەکـەم بـەدواوە، خـۆی لەگـەڵ واقیعی سەرپەرشتیدا گونجاندبوو.

٢- سـاڵی ١٨٤٧ لەگـەڵ تێکـچوونی هاوسـەنگیەکانو ڕووخـانی میرنـشینی بۆتانـدا، وەکوو دوایـین میرنـشینی فیـۆداڵی کوردی، ئیـدی فیۆداڵیتەی کورد بەشێوەیەکی ئاشکرا بەرامبەر بە دەست تێوەردانی بەڕێوەبەرایـەتیی عوسمـانی ڕاوەسـتاو، بە مەبەسـتی ڕێگـرتن لـە کـاری تێکـدانی پێکهاتـەی خـۆی، دەسـتی بـە سـەرهەڵدان کـردو، بـەو جـۆرە زنجیرەیـەك ڕاپـەڕینی خوێناویی دەست پێکرد. پێویـستە بـوترێ، پـان ئیـسلامیەکەی عەبدولحەمیـدو ڕیفـۆرمی ژۆن تورکـەکانیش توانـاییـی چارەسەری ئەم کێشەیەیان نییە.

٣- دوای یەکـەم شـەڕی جیهـانی (پـەیمانی ڕووسـیاو فەڕەنـسا ١٩١٦)، هەندێك لە بەشەکانی کوردستان، لە ڕووی خاكو دەسەڵاتەوە، تووشـی گۆڕانکـاری بـوو. لـە میانـەی ئەمانەشـدا، لـەنێو کۆمیتـەکانی کـورددا دەسـتبژاردەیەك دروسـت بـوو کـە پێکـەوە بـەرەو ئایـدیالێك هەنگاویان هەڵدەگرت. ئەمانە مۆری خۆیـان لـە جووڵانـەوەی مۆدرێنی کـــوردی ســـەردەم داو، ئامـــانجی هاوشـــێوەی شۆڕشـــی گـــەورەی فەڕەنسایان کرد بە ئایدیالی ڕزگاریی خۆیان[٤].

---

[٤] فەرهەنگی دیپلۆماسی ساڵی ١٩٣٣ لە دوو بەرگی ئەستووری (A-L-M-Z)دا بە یارمـەتیی ئاکادیمیـای دیپلۆماسیی جیهانی بڵاوبوەتـەوە. ئەم ڕێکخـراوە کـە هەشـت سـاڵی خـۆی تێپـەڕ دەکـات، دەیـەوێ بەشـێوەیەکی هاوبـەش لـە کێـشە

سـێهەمین قۆنـاغی جوولانـەوەی کـوردی، سـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەمو ساڵی ١٩٠٨و دوای ڕاگەیاندنی دووهەمین حکوومـەتی مەشـرووتە، دەرکەوتـە مەیـدان. هـەر لـەم کاتەنەشـدا، کۆمیتـەکانی کـورد لـە ئەسـتەمبووڵو کوردسـتان پێـك هـاتنو بنـەمای ڕێکخستنی خۆیان دامەزراند. بەڵام ئەم ئازادییەیان زۆری نەخایاندو، ئیتیحادچییەکان کـە لـە چیاکانی (ڕۆم ئێلـی)دا باوەشـی خۆیـان بـۆ مـەلاکانی بۆڵگـاریو پاپاکـانی یۆنـان کردبـوەوە، ڕووی ڕاسـتەقینەی خۆیان نیشان داو بەرامبەر بە غەیرە تورکەکان دەستیان بە هێرشو پەلامار کرد. لە ڕێگەی چەمکی فاناتیزمی شۆڤێنستانەی خۆیانەوە، هـەموو ڕێکخراوێکـی ناتورکیـان لـەناوبردو بـە خـوێنو شمـشێر سەرکوتیان کردن. جێی وتنە، ئەم وەزعە تاوەکوو شەڕەکەی ساڵی ١٩١٨ هەر بەو شێوەیە بەردەوام بوو. لەگەڵ یەکەم شەڕی جیهانیدا، قۆناغێکی تازەی ڕزگاری بۆ نەتەوە بچووکە ستەمدیدەکانیش دەستی پێکـرد، یـان بەشـێوەیەکی ڕاسـتتر، مرۆڤـە نیازچاکەکان وەهـا بیریـان دەکـردەوە: هێـزی هاوپەیمانـەکان کـە سـوپاکانیان بـۆ بەرقـەرارکردنی ئاشـتیو ئاسـوودەیی مرۆڤایـەتیو ڕزگـاریـی نەتـەوە بـچووکەکان هێنـابوە هەرێمەکـەو دەسـتیان وەردابـوە کاروبارەکـان، بـەو ئەندازەیـە

جیهانیەکان بکۆڵێتەوە. ناوەندەکەی لە "bisde I Avenue HocHe, paris vII" دایەو توانیویەتی تاوەکوو ئێستا ٥١٤ باڵوێزی گەورەو وەزیر لە دەوری یەك کۆبکاتـەوە. ٤٣ کەسـی ئەمانـە، وەزیرانـی کـاری دەرەوەن کـە لـەنێو کەسـە هەڵبژێراوەکانی ٧٣ وڵاتدا هاتوون. ئاکادیمیا، بۆڵتەنێك بە شێوەیەکی بەردەوام سەبارەت بە دانیشتنەکانی خۆی بڵاودەکاتەوە.

سەرکەوتوو بوون کە لەباتی بەستنی پەیمانی دوولایەنە، بڕیارەکانی خۆیان بسەپێنن. لەلایەکی تریشەوە، دوای شەڕی چوار ساڵە کە مرۆڤایەتیی تووشی ئازارێکی زۆر کردو هێشتا شوێنەوارەکانی لەسەر جەستەی مرۆڤایەتی بەدی دەکرێن، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بە مەبەستی بەرپاکردنی ئاشتیو ئاسوودەییی مرۆڤایەتی کە لە نوێنەرانی وڵاتە شارستانیەکان پێك دەهات، دروست بوو. ئەم ڕێکخراوە، لە ئەنجامی بۆچوونێکی مرۆڤانەوە دامەزراو، لە باری پرنیسپەوەو بەشێوەیەکی تایبەتی ئەرکی پاراستنی مافو ئازادیی نەتەوە بچووکەکانی گرتە ئەستۆ، ئەوانەی کە لەژێر دەسەڵاتی نەتەوەکانی تردا ژیان دەبەنە سەرو هەر ڕۆژ دەبن بە قوربانیو سووکایەتییان پێ دەکرێ. لەڕاستیشدا، هەر لەگەڵ تەواوبوونی شەڕدا، هێزە سەرکەوتوەکان ئەوەیان لە لێدوانەکانی خۆیاندا ڕاگەیاندبوو کە لەمەبەدوا ناهێڵن هیچ نەتەوەیەك لەژێر دەسەڵاتی ئەوی تردا بێو، لێرە بەدواوە هەر کەس دەبێ بە خاوەنی خۆیو مافی چارەی خۆنووسینی دەبێ.

بەڵام دواتر ئەوە دەرکەوت کە لێدوانەکانی سەرەوە بە مەبەستی بەدیهێنانی مافو ئازادیی گەلان نەبوەو، تەنیا بە ئامانجی بەدەستهێنانی دەسکەوتی شەڕ وەکوو کرێی شەڕی چوار ساڵە بووە.

دوای ئەوەش، چارەنووسی گەلە ستەمدیدەکان تەنیا لەڕێگەی بەرژەوەندی سیاسیی هێزە سەرکەوتوەکانو هێزە داگیرکەرەکانەوە دیاری کرا. بەرژەوەندی هێزە هاوپەیمانەکان لە سەرەتای شەڕدا وای دەویست کە ئەم هێزانە خۆیان بە کوردانەوە سەرقاڵ بکەن. هەر

ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە بەشی کوردستان لە پەیمانی سیڤەر (sevrs) دا بنووسرێ .بەڵام دواتر، بەتایبەت لەدوای پەیمانی ڕووسیا-تورکیاوە کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتی هێزە هاوپەیمانەکان لە ڕۆژهەڵاتدا دانا، هاوپەیمانەکان، بەرامبەر بە کێشەی کورد گوێی خۆیان خەواندو، کوردان و ئارەزوە نەتەوەییەکانیان لەبەردەم ئینسافی ئەنقەرەدا بەتەنیا هێشتەوە. حکوومەتی ئەنقەرەش بەشێوەیەکی بەرنامەبۆدانراو دەستی بە کوشتاری کوردان کردو، کوردبوونی کوردان و تورك نەبوونی ئەوانی پێ قەبووڵ نەدەکراو هیچ جۆرە بەخشندەییەکی لەخۆ نیشان نەدەدا.

لەڕاستیشدا تورکیا زۆر لەمێژبوو سیاسەتی لەناوبردنی بەرامبەر بە کوردان پێڕەو دەکرد. بەڵام ئەم سیاسەتە ساڵی ١٩٠٨و کاتی دەسەڵاتداریی ژۆن تورکەکان بەشێوەیەکی سیتەماتیك و پێداگرانەتر پێڕەوی دەکرا.

حکوومەتی ئەنقەرە، سەبارەت بەو ئامانجەی خۆی، کارە ئەنجامدراوەکانی ناتەواو دەبینی و زیاتر پێداگریی دەکردو، دواجاریش بە دەرکردنی ئەم یاسایە لەناوبردنی تەواوەتی و توانەوەی نەتەوەییی کوردانی خستنە ناو بەرنامەی کاری خۆیەوە. شایانی باسە، دووساڵ بەر لە دەرکردنی ئەم یاسایە، نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی تایبەتی بۆ پاراستن و چاودێریکردنی مافی کەمینەکان لەنێو وڵاتانی ئەندامدا پێك هێنابوو. بەڵام حکوومەتی تورکیا، بەرامبەر بەوە، ئەو یاسایەی دەرکردو لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیدا بەشێوەیەکی فەرمی بڵاوی کردەوەو هەوڵی جێبەجێکردنیی دا.

وەکوو دەزانرێ، کاتی وەرگیرانی تورکیا لە نەتەوە یەکگرتوەکان، هیچ ولاتێکی ئەندام باسی کێشەی کەمینەکانی ناو تورکیا نەکرد°. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە بەرژەوەندی هێزە گەورەکان نەیدەویست حکوومەتی ئەنقەرە بخرێتە ژێر فشارەوە.

ئیتحادچییەکان و (کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی) پێشترو لەکاتی خەلیفە محەمەد ڕەشاددا یاسایەکیان بۆ دوورخستنەوەی کوردان لە خاکی باوو باپیرانیان بە مۆری خەلیفە دەرکردبوو.

سەروبەندی شەڕ، دوای ئەوەی کە حکوومەتی ئیتیحادو تەرەقی هەوڵی لەناوبردن و پاکتاوی نەژادیی ئەرمەنەکانی دا، دەستی بە جێبەجێکردنی یاسای تایبەت بە دوورخستنەوەی کوردان کرد. بەگوێرەی ئەم یاسایە، کوردان لە ولاتی خۆیان دەردەکران و لە پارێزگا تورکنشینەکاندا جێگیر دەکران. کوردەکانیان بە ئەندازەی ٥٪ی ژمارەی دانیشتوانی تورکی

° ئاشکرایە هەلومەرجی کەمینەکان، بۆ ئەو کەسانەی کە تازە دەبن بە ئەندامی کۆمەڵە، مەرجێکی هاوکارییە. وەکوو ئەوەی کە نیکتین لە بابەتەکەی خۆیدا بە ناوی فەرهەنگی دیپلۆماسییەوە ئاماژەی پێکردووە ((دەمانەوێ هیوادار بین کە حکوومەتی ئەنقەرە، وەکوو هێزی زاڵ بەسەر بارودۆخەکەدا، بەدوای چارەسەری ئاشتیانەدا دەگەڕێ و هەبوونی ئینتکیی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی بۆچوونە ئەمڕۆییەکاندا لەبەرچاو دەگرێ، چونکە کێشەی کورد شایستەی ئەمەیە. گومان لەوەی کە بەرپەرچدانەوەی چەکداری ناگاتە ئەنجام، شتێکی لەجێی خۆیدایەو، ئەگەر ڕۆژێك تورکیا داوای ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا بکات، لەوە دڵنیام کە بەگوێرەی کۆبوونەوەی ژنێڤ چاوێك بە وەزعی هەموو کەمە نەتەوەکاندا دەخشێنێتەوە)).

گونــدەکانیان، لــەو گوندانــەدا جــێگیر دەکــرد. هــەروەها پێویــست بــوو پیاوماقووڵانو بەگە کوردەکان لەنێو شارە تورکنشینەکاندا نیشتەجێ بنو، پەیوەندی لەگەڵ یەکتریو کوردەکانی تردا دروست نەکەن. دۆسیەکانی بەڕێوەبەرایەتیی کۆچو جێگۆڕکێ لە ئەستەمبووڵ، ئەوە دەردەخەن کە زیاتر لە ٧٠٠٠٠٠ کورد لە وار و زێدی خۆیان دوورخراونەتەوە.

دوای شەڕی جیهانیو هەتا بەر لە پەیمانی لۆزان، تورکیا خۆی بەرامبەر بە مەترسیی دۆراندنی بوونی نەتەوایەتی بینیوە، بۆیە کاری دوورخستنەوەی کوردانی ڕاوەستاند، (خۆی دەستی پێکردو خۆشی ڕایوەستاند).

زۆربەی ئاوارەکراوەکان کە هیچ بەرخۆدانێکیان لە ئاستی ئەم دوورخستنەوەیەدا نیشان نەدەداو، نەیاندەزانی لەڕاستیدا بە چ مەبەستێکی بێخێر دووریاندەخەنەوەو، وایاندەزانی ئەمە لەبەر هەلومەرجی شەڕە، لەڕێگە بە برسێتیو ماندوویێتی ژیانی خۆیانیان لەدەست دا. جێی باسە، بەشێکی ئەمانەش لەلایەن هێزی جەندرمەوە کوژرابوون، ژمارەی ئەو کەسانەشیان کە دەیانتوانی دوای شەڕ بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی دایك، زۆر کەم بوون.

لە میانەی شەڕدا، کوردەکانیش وەکوو هەموو نەتەوەکانی تر، بۆ بەدەستهێنانی مافو ئازادیەکانی خۆیان، لە کۆنفرانسی ئاشتیدا هەوڵو تەقەلای زۆریان دابوو. بەڵام دوایی زۆربەی ئەو ڕۆشنبیرانەی کە بەناوی گەلی کوردەوە کاریان دەکرد، حکوومەتی ئەنقەرە بە تاوانی خیانەت بە نیشتمان سزای مەرگی بەسەردا سەپاندن. شایانی وتنە، بەشێکی زۆری ئەم ڕووناکبیرانە لەسێدارە درانو، ئەوانەش کە

مابوونەوە، بەناچاری پەنایان بردبووە بەر وڵاتانی تر و، بەم شێوەیە ئەمانەش بوون بە قوربانییەکی تری خیانەتی ئەورووپا. کاتێ باسی خیانەتی ئەوروپا دەکەین، مەبەست ئەوە نییە کە ئەوان و هێزە هاوپەیمانەکان بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردو پاراستنی ئازادیی ڕۆشنبیران ئەمانەیان داوەتی وڵاتی خۆیان کردووە. کێشەی کورد خۆی لە خۆیدا، وەکوو لە سەرەتاشدا باسم کرد، شتێکی تازە نییەو خاوەنی بنەمایەکی مێژوویییەو لە زووەوە هەیەو، ڕێکخراوە کوردیەکانیش لە ساڵی ١٩٠٨ بەدواوە دامەزراون. بۆیە کاتێك باسی خیانەتی ئەورووپا دەکرێت، مەبەست ئەوەیە کە وەکوو چۆن بەرامبەر بە زۆر نەتەوەی بچووکتریش ئەوەیان کردبوو، لەکاتێکدا بەڵێنی لەبەرچاوگرتنی کێشەی کوردیان دابوو، کوردەکانیان ڕووبەڕووی جەلادەکان کردەوەو لەگەڵ ئینسافی ئەوانەدا بەجێیان هێشتن.

ساڵی ١٩٢٥ کاتێك کوردەکان بەدوای ئەو مافانەوە بوون کە دەوڵەتە شارستانیەکان ڕایانگەیاندبوو، ئەو ئەزموونەیان بە خوێن سەرکوت کراو هەزاران ژن و منداڵ و خەڵکی بێتاوان بوون بە قوربانی و ژیانیان تێداچوو.

ئەورووپای شارستانیش، بەرامبەر بەم کوشتارە بێدەنگ مایەوە. تەنانەت هێزە هاوپەیمانەکان، بەبێدەنگیی خۆیان، پارێزگارییان لە تورکیا دەکردو، تا ئەندازەی مۆڵەتپێدان بە تێپەڕینی یەکەکانی سوپای تورکیاو پێداویستیەکانی بەنێو خاکی ئەو وڵاتانەدا کە کاریان تێکردبوون و ئەوان بەوەکالەت بەڕێوەیان دەبرد، کارئاسانییان بۆ حکوومەتی ئەنقەرە دەکرد بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکان و، بەو

جۆرەش بەر لەوەی کە ڕاپەڕینەکان لە هەموو شوێنێك بڵاوببنەوە، سوپای تورکیا خۆی دەگەیاندە هەرێمەکەو سەرهەڵدانەکەی سەرکوت دەکرد. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە سەرکردەی ڕاپەڕینەکان لەڕادەبەدەر باوەڕیان بەوە هێنابوو کە یەکەکانی سوپای تورکیا ناتوانن بەئاسانی لە ئاوی فرات تێپەڕنو زوو بگەنە ناوەندی کوردستان. بەڵام کاتێك یەکەکانی سوپا ڕێگەی ئاسنی سووریایان بۆ گەیشتن بە ناوەندی ڕاپەڕین هەڵبژارد، بەختی سەرکەوتنی ڕاپەڕین پووچەڵ کرایەوە.

با بگەڕێینەوە سەر باسی سەرەکیی خۆمان، یانی بابەتی یاسای دوورخستنەوەی کوردان.

لەخوارەوە ناوەڕۆکی یاساکە وەکوو خۆی دەخەینە بەردەم خوێنەران،

((دوای ئاگادارکرانەوەی پێویست سەبارەت بەم یاسایە، وەزارەتی ناوخۆ لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی ئەنجومەنی وەزیراندا، بەرپرسە بەرامبەر بەوەی کە خەڵك پابەندی کولتووری تورك و ڕێکخستنی چۆنیەتیی بڵاوبوونەوەی دانیشتوانی خاکی تورکیا بێو وا بمێنێتەوە. بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی کە وەزارەتی ناوخۆ ئامادەو ئەنجومەنی وەزیرانیش پەسندی کردووە، چوار گرووپی هەرێمی نیشتەجێبوون و دانیشتوان لە تورکیا دورست دەکرێن،

*** هەرێمەکان:**

١- هەرێمە پلە یەکەکان: ئەو شوێنانە دەگرنەوە کە زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانی تورکیان تێدا کراوە بە ئامانج.

٢- هەرێمە پلە دووەکان: ئەو جێیانە لەخۆ دەگرن کە نیشتەجێکردنی ئەوانەیان کە وا بڕیارە بکەونە بەر تواندنەوەی نەتەوەیی، تێدا کراوە بە ئامانج.

٣- هەرێمە پلە سێیەکان: ئەو هەرێمانەن کە ئەو کەسانەی وا نایانەوێ کاریگەریی کولتووری تورکییان لەسەر بێ، دەتوانن بە ئازادیو بەبێ یاریدەی دەوڵەت تێیدا دابنیشن.

٤- هەرێمە پلە چوارەکان: ئەو شوێنانەن کە لەبەر هۆی سیاسی-عەسکەری-ئابووری-کولتووری-تەندروستی، نیشتەجێبوونیان تێدا قەدەغە کراوە.

ئەو کەسانە یاخود ئەو کۆمەڵانەی کە لەدەرەوەڕا دێنە ناو خاکی تورکیا، بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ بەندەکانی یاساکەداو بەپێی فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی مانەوەیان دەدرێتێ.

* ئەوانەی کە پەسند ناکرێن:

ئەوانەی کە کولتووری تورکی پەسند ناکەنو پابەندی بنەماکانی نین، نەخۆش (نەخۆشیی پیس، گەڕی، بەڵەکیو...) و بنەماڵەکانیان، ئەو تاوانبارانەی کە تاوانەکانیان بابەتی سیاسیو عەسکەری نین، ئاژاوەگێڕەکان، سیخوڕو قەرەجەکانو ئەوانەی وا لە وڵات دەرکراون، ناتوانن لەنێو خاکی تورکیادا بمێننەوە.

وەزارەتی ناوخۆ دەسەڵاتی گواستنەوەی ئەو گوندانەی هەیە کە دەرامەتیان کەمەو خاکەکەیان بەرتەسکە، یا شوێنەکەیان دارستانە یا بەردیان زۆرەو، دەکرێ دانیشتوانیان کۆچبەر و هاتوو یاخود نیشتەجێی ئەوێ بنو، بگوێزرێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە گونجاوتر بن. لەلایەکی ترەوە، وەزارەتی ناوخۆ دەتوانێ ئەو گوندانەی کە لەماڵی دوور لەیەك دروست کراون، لە یەك ناوەندا کۆبکاتەوە.

ئەو کەسانەی کە گومانی سیخوڕییان لێ دەکرێت:

بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی ناوخۆ دەتوانێ پەنابەرو قەرەجەکان، بە مەرجی پابەندبوون بە بنەماکانی کولتووری تورکی، لەو شارو گوندانەدا نیشتەجێ بکات کە دانیشتوەکانی تورکن. هەروەها دەتوانێ ئەوانەی

وا گومانی سیخوڕیان لیّ دەکریّت، دووربخاتەوە بۆ سنووورە دووردەستەکان و، پەنابەرو قەرەجەکانی ولاّتانی تریش لە سنوورەکانی خاکی تورکیا دەربکات.

* خیّڵەکان:

یاسا، هیچ جۆرە کەسایەتییەکی یاسایی نادات بە خیّڵەکان. سەبارەت بەم بابەتەش، هەموو جۆرە مافەکانی خیّڵ، لە فەرمان و بڕیارو بەڵگەی جۆراوجۆردا، لابراون.

سەرۆکایەتی و ئاغایەتی و شیّخایەتیی خیّڵ، پشت بە کام داب ونەریت دەبەستیّ با ببەستیّ، مافی هیچ جۆرە خۆڕیّکخستنیّکیان نییە.

ماوەی بەر لە ڕاگەیاندنی ئەم یاسایە، هەموو موڵک و سامانە ڕانەگویزراوەکانی (سەرۆک و ئاغاو شیّخ)ی خیّڵ، دوای جیّبەجیّکردنی یاساکە، دەکەونە ژیّر دەسەڵاتی حکوومەت و دەبن بە موڵکی دەوڵەت.

* بەر لە یاسا:

ئەم ماڵ و موڵکە لەگویزانەوە نەهاتوانە، بەپیّی فەرمانی حکوومەتی و ئەنجومەنی وەزیران، بەسەر کۆچەرو جووتیاراندا دابەش دەکریّن.

وەزارەتی ناوخۆ، بەپیّی فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانیّ بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەم یاسایە، سەرۆک–ئاغا–یاخود شیّخی خیّڵەکان و ئەو کەسانەی کە گومانی سیخوڕیی سەر سنوورەکانیان لیّ دەکریّ و ئەو کەسانەش کە لە ڕۆژهەڵاتدا دەستڕۆیشتوون، لە هەریّمە پلە دووەکاندا جیّگیر بکات و لە شویّنی خۆیان بیانگویّزیّتەوە.

* ئەو کەسانەی کە زمانی دایکیان تورکی نییە:

ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی زمانی تورکیو بە زمانێکی تر قسە دەکەن، مافی دامەزراندنی کۆمەڵەی کرێکاران، پیشەسازان یاخود گەڕەك و گوندیان نییەو، تەنیا مەرجی دامەزراندنی ئەو جۆرە شتانەش ئەوەیە کە دەبێ تەنیا تایبەت بە هاوڕەگەزەکانیان نەبێو شتێکی گشتی بێ.

وەزارەتی ناوخۆ، بەپێی فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانێ ئەو جۆرە کۆمەڵانە (تەنانەت ئەگەر پێشتریش هەبووبن) بگوێزێتەوە بۆ شوێنی گونجاو.

بیانیەکان، ناتوانن لە گوندەکاندا نیشتەجێ بن. هەروەها ژمارەی ئەو بیانیانەی کە لە شارو قەزاکاندا نیشتەجێ دەبن، پێویستە لە ١٠٪ی ڕادەی دانیشتوانی ئەوێ زیاتر نەبن و بەقەدەر ژمارەی دیاریکراو و سنووورداری شارەوانی بن.

ناوەڕۆکی یاساکە سەبارەت بە چۆنیەتیی دابەشکردنی زەوی بەسەر ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەی وا لە شوێنی تردا نیشتەجێ دەکرێن و، سەبارەت بە یارمەتیەکانی پەروەردەی نەتەوەیی، چەندین خاڵی گرنگی تێدایە.

* بەخشینی باج:

هەندێك گۆڕانکاری بەسەر بەخشین و هەڵگرتنی باجەکاندا هاتووە.

ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وڵاتەوە دێن، لە هەرێمە پلە یەکەکاندا نیشتەجێ دەبن. هەروەها ئەوانەی کە لە ناوەوەی وڵات (بە ویستی خۆیان یا بەزۆر) لەوێدا نیشتەجێ دەکرێن، لەوکاتەوەی کە ناوی خۆیان تۆمار بکەن، ساڵی یەکەم هیچ جۆرە باجێکیان لێ وەرناگیرێت و، ساڵی دووەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەمیش ناوبەناو لە باجدان دەبەخشرێن. لەوەش جوداتر، ئەم جۆرە کەسانە پارەی تۆمارکردنی ئەو پارچە زەویانە نادەن کە بەسەریاندا دابەش دەکرێن.

شایانی باسە، کڕینی خانوو و کاری بازرگانی (کـڕین و فرۆشـتن)و قـەرزی ئەو بابەتانە، ناکەونە چوارچێوەی ئەم بەخشینەوە.

ئەو کەسانەش کە لە هەرێمە پلە دووەکاندا نیشتەجێ دەبن، هەر دەتوانن بۆ ماوەی دوو ساڵ باجەکانیان نەدەن.

ئـەو یاسـایەی کـە دەقەکـەیمان لەسـەرەوە هێنایـەوە، بەشـێوەیەك داڕێـژراوەو بـەجۆرێك نووسـراوە کـە ئەگـەر کەسـێکی بێئاگـا لـە بـاری ئەتنۆگرافیای تورکیاو بێئاگا لە کێشەی کورد بیخوێنێتـەوە، دەڵێ ئـەم یاسـایە بێزیانـەو، تاکـە مەبەسـتی ئەنجامـدانی ئۆپەراسـیۆنێکی کولتوورییە بۆ تواندنەوەی تورکە چیاییەکان لەنێو کولتووری تورکیدا.

ئێمە لێرەدا دەکەوینە هـەوڵی ئاشکراکردنی مەبەستە شاراوەکانی ئـەم یاسایەو، ئـەم مەتەڵـە کـە لـەژێر پـەردەی زانستیبوونی کولتـووری تورکیدا خۆی شاردۆتەوە.

هـەر لەبـەر ئـەوە، سـەرەتا شـیکردنەوەیەکی هـەر چـوار گرووپـی هەرێمەکان لە جێی خۆیدا دەبێ:

١- ((**هەرێمە پلە یەکەکان:** ئەو هەرێمانـە دەگرێتـەوە کە زیـادبوونی ژمـارەی دانیشتوە تورکەکان (هەروەها ئەوانەش کە کولتووری تـورکی پەسـند دەکـەن) لەوێدا کـراون بـە مەبەسـت)). لێرەدا ئاشـکرایە کە دەیانـەوێ خـەڵکی تـر لـەو شـوێنانەدا کە نەتـەوەی تـورك دەژی، نـەبێ‌و هـەمووی وەکـوو تـورکی لێ بێ. بەپێچەوانەوە، ناچار دەبن ئـەوە قبـووڵ بکـەن کـە کەسـانی تـریش لـە تورکیا هـەن، بـە زمـانی جیـاواز لـە تـورکی قـسە دەکـەن. لەبـەر ئـەوەی کـە ئیـدی عەرەبستانی و ئەلبانی و بوڵگارستانی لـە تورکیـای ئـەمڕۆدا نـاژین، ئاشـکرایە کـە مەبەسـتی سـەرەکی هـەمان ئـەو شـوێنانەن کـە کوردیـان تێـدا دەژی.

ئەویڕاستیش بێ کەم کەس لە کوردستاندا تورکی دەزانێ و، زمانی تورکی وەکوو زمانێکی ڕەسمی تەنیا لە هەندێك شاری کوردستاندا (کە ژمارەیان کەمە) بڵاوبووەتەوەو، گەلی کورد بەشێوەیەکی گشتی زمانی تورکی نازانێ.

هەرێمە پلە یەکەکان، کوردستان:

٢- ((**هەرێمە پلە دووەکان**، ئەو هەرێمانە لەخۆ دەگرن کە ئەوانەیان تێدا نیشتەجێ دەکرێن کەوا تواندنەوەیان لە کولتووری تورکایەتیدا کراوە بە ئامانج)).

لەبەر ئەوەی بیر بۆ ئەوە ناچێ کە تورکێك لە کولتووری تورکیدا بتوێنرێتەوە، پێویستە لە دەرەوەی نەتەوەی تورکدا بەدوای ئەم کەسانەدا بگەڕێین. شیکردنەوەکانی سەبارەت بە بەندی پێشوو، ئەوەمان پێنیشان دەدەن کە ئەمانە لە کورد بەدەر کەسی تر نین. دیارە بۆ تواندنەوەی نەتەوەییی کوردان، پێویستە لە وڵاتی خۆیان دوور بخرێنەوەو لە شوێنە تورکنشینەکاندا نیشتەجێ بکرێن. لەڕاستیدا، ئەم هەرێمانەش هەمان ئەنادۆڵ و پارێزگا تورکنشینەکانی تراکیان.

ئەگەر گوتنەکەشمان لەجێی خۆیدا بێ، ئەم شوێنانە دەبن بە (ئاکادیمیاکانی زانستی زمانی تۆرانی) کە بەتایبەت بۆ ئێمە (کوردان) دروست کراون.

* هەرێمە پلە دووەکان، تورکیای نەژادی:

٣- ((**هەرێمە پلە سێیەکان** ئەو جێگەیانە دەگرنەوە کە کۆچەرە تورکەکان دەتوانن بەبێ یارمەتیی دەوڵەت و بەرپرسانی حکوومی لەوێدا نیشتەجێ بن)).

حکوومەتی ئەنقەرە، تورکە کۆچەرەکان بە ئیمکاناتی خۆیانەوە دەباتە ئەو شوێنانەی کەوا کوردەکان چۆڵیان کردوون (پێیان چۆڵ کراوە). حکوومەت ڕێگە بە نیشتەجێبوونی کوردە کۆچەرەکان لەم هەرێمانەدا نادا، بەڵام بە لێبوردەیی و سنگ فراوانییەوە دەروازەکانی ئەم هەرێمە بەڕووی هەموو تورکەکانی دنیادا کە دەیانەوێ بە ئیمکاناتی خۆیانەوە لەوێدا جێگیر بن، دەکاتەوە.

*** هەرێمە پلە سێیەکان، کوردستان:**

٤- ((هەرێمە پلە چوارەکان ئەو شوێنانەن کە لەبەر هۆی تەندروستی سیاسی-عەسکەری- کولتووری- ئابووری نیشتەجێبوونیان تێدا قەدەغە کراوەو چۆڵ دەکرێن)).

ئەو شوێنانەی کە لەبەر کەش و هەوای دژواری خۆیان، دەرفەتی ژیانیان تێدا زۆر کەمەو تەنیا خەڵکی خۆجێیی دەتوانن لەوێدا بژین، لەلایەن کوردەکانیشەوە چۆڵ دەکرێن. کۆچەرە تورکەکان ناتوانن لێرەدا بژین و هەموویان دەمرن. بۆیە مانەوەی هەموو کەسێك لەم هەرێمانەدا، بە هەموو شێوەیەك قەدەغە دەکرێ.

*** هەرێمە پلە چوارەکان، کوردستان:**

شیکردنەوەی مەتەڵی "کولتووری تورك"و "گرووپی هەرێمەکان" بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە لەڕاستیدا لێرەدا تەنیا

دانیـــشتوانی هەرێمـــەکانی ١ و٣ و٤ ئـــەو خەڵکانـــەن کـــە کولتـــووری تورکییان نییەو کوردەکانن.

هەرێمـــە پلـــە دووەکـــانیش ئـــەو شـــوێنانەن کـــە تورکـــەکان تێیانـــدا نیـــشتەجێن و، هەنـــدێك هـــەرێمی ئـــەوروپا و ئاســـیاش لـــەخۆ دەگـــرن. هەرێمەکانی ١ و٢ و٣ و٤ لە کوردەکان پاك دەکرێنەوە. خەڵکی تـورك لـە هەرێمەکانی ١ و٣دا، لەباتی کوردەکان، نیشتەجێ دەکرێن و، کوردەکـان لە هەرێمە پلە چوارەکانیشدا دەردەکرێن و دوور دەخرێنەوە، بـەڵام هـیچ کەسـی تـر لـەو شـوێنانەدا نیـشتەجێ نابێ و مۆڵـەتی یاسـایی بـە هـیچ خەڵکێك نادرێ. ئەوی دەشمێنێتـەوە، هـەمان هەرێمـە پلـە دووەکانـە کـە پارێزگـــا تـــورکنـــشینەکان دەگرنـــەوەو، کوردەکـــانیش لـــەوێ بڵاودەکرێنەوەو نیشتەجێ دەکرێن [٦].

---

[٦] سیـــستەمی دوورخـــستنەوەو بڵاوەپێکردنـــی کـــوردان، ڕابردوویـــەکی مێـژوویـی خـۆی هەیـە. چـاومان بـە نموونـەی سـەیر دەکـەوێ لـە مێـژووی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا.

"Schriften and Deuk Würdigkeien des General –Feldmarschall Grafen Helmot von Moltke, Berlin ١٩٩٢. BandII : Vermischte Schriten Zur Orientalischen Frage. Das Land and Volt den Kurden"

مارشـاڵ گـراف هـەلموت لـە بەرهەمێکیـدا بـەناوی "خـەڵك و وڵاتـی کوردەکـان"ـەوە هەنـدێك پـاراگراف دەهێنینـەوە: ئـەم مارشـاڵە کـە چـوار سـاڵ لـە سـوپای عوسمانیـدا خزمـەتی کـردووە، بـەم شـێوەیە باسـیئەوە دەکـات کـە سـەد سـاڵ بـەر لـە ئێـستا بـە چ جۆرێك ویستوویانە کوردەکان لە وڵاتی خۆیان دوربخەنەوە:

((ساڵی ١٨٣٨ کاتێ حافز پاشا بە ئاگرو شمشێر لە چیای کارزان (خـەرزان: میرنـــشینێکی کـــۆنی کوردییـــە لـــە باشـــووری ڕۆژهـــەڵاتی تورکیـــا) پـــەلاماری کوردەکانی داو ژیانی لێ حەرام کردن. سـەرو سـەکوتی ڕیـش چـەرمووەکان لەبـەر

حکوومەتی تورك دوای ساڵی ١٩٢٥، بە هەمان دیدی بەڕێوەبەراتییەوە، تورکیای کرد بە دوو بەشی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا، یاخود هەرێمە تورکنشینو هەرێمە کوردنشینەکان. سنوورەکانی ڕۆژهەڵات، یاخود هەرێمە کوردنشینەکان، تا ئێرانو قەفقاسیاو

چادرەکەی حافز پاشادا پەیدابوون، بۆ ئەوەی لە خەڵك خۆش ببێ. بەڵام پاشا بۆ ئەوەی ئەم خەڵکە بکات بە کەسانێکی گوێڕایەڵی بابی عالی، پێویست بوو ئەوان لە چیا سەرکێشەکان دابەزێنێو لە دەشتەکاندا جێگیریان بکات. کەوابوو پاشا بەڵێنی ئەوەی پێدەدان کە دە قاتی ئەو زەوییەی لە چیاکاندا هەیانە، زەوییان لە دەشتەکاندا بداتێ. دیارە پاشا لەوە ئاگادار بوو کە بەرنامەکەی پێویستی بە بەخشندەییەکی زۆر هەیە. لە هەمان کاتدا، بەڵێنی بەخشینی باجی سێ ساڵیشی پێ دەدان. هەروەها باسی ئەوەشی بۆ دەکردن کە دەتوانن لە دەشتەکاندا لەباتی شوانی، کرمی ئاوریشمو ئەسپ بەخێوبکەنو، لەو بارەیەوە یارمەتییان دەدات. بەڵام بەمجۆرە پێشنیاری ئەوەی دەکرد بۆ ماسییەك تۆڕێك بۆ خۆی دروست بکاتو خۆی بخاتە داوەوە. ڕیش چەرمووەکانیش بە چاوێکی گوماناوییەوە سەیری ئاسمانیان دەکردو پەسنی ئەو شتانەیان دەدایەوە کە داوایان لێکرابوو. بەخەڵاتەوە گەڕانەوە لای بنەماڵەکانیانو باسی هەموو شتێکیان بۆ ئەوانیش گێڕایەوە.

لەو جێگەیانەی کە ئەوانە بۆیان دەگەڕانەوە، ژنانو منداڵانیش چەکیان بەدەستەوە بوو. ئەمەش دووبارەبوونەوەی کوشتارەکانی دەگەیاندو، هەتا سەرکوتکردنی تەواوەتی ڕاپەڕینەکان کۆتایییان پێنەدەهات. بەڵام کاتێك ئەوە دەرکەوت کە نیشتەجێکردنی کوردان لە دەشتەکانداو پڕۆژەی داگیرکردنی کوردستان سەرناگرێ، ئەوێیان بەجێهێشت. ئەگەر حافز پاشا لەم جارەدا توانیی جاروبار بۆ ماوەی کورت سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، تەنیا هۆی ئەمە ئەوە بوو کە کوردی بەرامبەر بە کورد بەکار هێناوە)).

چیاکانی سیواس و هەرێمەکانی خارپووت و مەلاتیە درێژ دەبنەوە. هەرێمی ڕۆژئاواش، لە یەکەم هەرێمی ڕۆژئاواوە تاکوو تراکیا درێژ دەبێتەوەو، شوێنە تورکنشینەکان دەگرێتەوە.

جیاوازیەکانی نێوان ئەم دوو هەرێمە، بەم شێوەیەی خوارەوەن:

ڕۆژهەلات بەشێوەیەکی تایبەتی بەڕێوە دەبرێ، هیچ کەسێك تەنانەت تورکەکانیش (یاخود هەڵگری ڕەگەزنامەی تورکی) ناتوانن بەبێ مۆڵەتی یاسایی وەزارەتی ناوخۆ لە ڕۆژئاواوە دەربازی دۆزەخی ڕۆژهەلات ببن. بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆژهەلات، هەمیشە لە حاڵەتی نائاساییدایەو، لەلایەن چاودێرێکەوە بەڕێوە دەبرێت. تەنانەت فەرمانبەرێکی ئاسایی دەتوانێ زیندانیە کوردەکان کە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەبرێن، بدات بە کوشتن، یانی فەرمانی کوشتنیان بدات و لەڕێگەی جەندرمەکانەوە بیانکوژێ.

سەبارەت بە ڕێوشوێنە تایبەتەکانیش، دەتوانین بڵێین کە ژمارەی دەزگا پەروەردەییەکان لە ڕۆژهەلات، یاخود کوردستان، ئەم ساڵانەی دوایی لە کەمترین ئاستی خۆیدایە (ژمارەیان کەم کراونەتەوە). هەر دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥، حکوومەتی ئەنقەرە سیاسەتێکی پێچەوانەی ئەمڕۆی سەبارەت بە پەروەردەی نەتەوەیی پێڕەو کردبوو.

حکومەت دوای ڕاپەڕینەکە، بە مەبەستی تواندنەوەی نەتەوەییی کوردان لەنێو کولتووری تورکدا، زیادکردنی ژمارەی قوتابخانەکانی لە کوردستاندا وەکوو پرنسیپ قەبووڵ کردبوو. بەڵام ئەو لاوە کوردانەی کە لەوێدا بە زمانی تورکی پەروەردەیان دەبینی، لەباتی ئەوەی ڕێگەی پان تورانیزم بگرنە بەر، بەپێچەوانەوە ئاگایی و هۆشیاریی نەتەوەییی

خۆیان قووڵتر کردەوەو بەهۆی ئەو زانیاریانەوە کە فێریان بوون، ئەو کەسانەی کە تا دوێنێ خوێندەوارییان نەبوو، هەندێك ڕاستیی تا ئەو ڕۆژە نەزانراویان بۆ دەرکەوت.

عەشقی وڵات و بەخۆنازینی نەتەوەیی، بۆ هەموو نەتەوەکان یەك شتە. لاوە کوردەکان لە کتێبە تورکیەکانەوە فێری ئەوە دەبوون کە پێویستە شەیدای وڵات بن و شانازی بە نەتەوەکەیانەوە بکەن. ئەوان حەزیان لە هی خۆیان دەکرد، یانی نیشتمانی کوردانیان خۆش دەویست و شانازییان بە نەتەوەی خۆیانەوە، یانی بە نەتەوەو کولتووری کوردەوە، دەکرد.

بەرامبەر بەم وەزعەش، حکوومەت دەستبەجێ پلانی پەروەردەی نەتەوەییی لە کوردستاندا گۆڕی. بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردەی نەتەوەیی، ژمارەی خوێندکارانی پارێزگا تورکنشینەکان ٣٣٪ ی ژمارەی دانیشتوانی ئەوێیەو، بەرامبەر بەوەش ئەم ژمارەیە لە کوردستان تەنیا ٢١,٥٪ ی ژمارەی دانیشتوانیەتی.

ئۆپەراسیۆنی پاکتاوی نەژادیی کوردەکان، بەپێی نەخشەی تواندنەوەی کولتووری، لە هەرێمە باسکراوەکاندا بەڕێوە دەبرێ. کوردەکان لە هەرێمی ڕۆژهەڵات دوور دەخرێنەوەو، لەو شوێنانە کە پێیان دەگوترێ ڕۆژئاواو تورکەکان تێیاندا نیشتەجێن، دابەش دەکرێن و، تورکەکان و کەسانی بیانیش لە هەرێمە کوردییە چۆڵکراوەکاندا، جێگیر دەکرێن.

وەکوو پێشتر باسمان کرد، کوردەکان لە هەرێمە پلە چوارەکان دوور دەخرێنەوەو، ئەو شوێنانە چۆڵ دەکرێن، بەڵام لەباتی ئەوان مۆڵەتی

مانەوەی یاسایی نادرێتە هیچ کەسێك. پڕۆژەکە هەندێك هۆی تەندروستی و سیاسی سەبارەت بەم قەدەغەیە ڕیز دەکات. هەرێمە پلە چوارەمینەکان، ناوچە شاخاوی و بەردەڵانەکان دەگرنەوە، بۆیە هیچ کەسێك لەوانە بەدەر کە لەوێ لەدایك بوون، ناتوانن لەو هەرێمانەدا بژین.

دیارە ئەگەر تورکەکان لەم شوێنانە جێگیر بکرێن، هەموویان لە ماوەیەکی کورتدا دەمرن. کەوابوو ناتوانرێ تورکەکان بنێردرێنە ئەو شوێنانە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، پێویستە ئەو هەرێمانەی کوردستان چۆڵ بکرێن، چونکە کوردەکان لێرە دادەنیشن. هەر بۆیە پێویستە پڕۆژەکە لە ماوەیەکی کورتدا جێبەجێ بکرێت، دەنا سوپا لەکاتی ئۆپەراسیۆنە عەسکەریەکاندا لێرە تووشی شکستی زۆر دەبێ.

یەکێك لەم ئۆپەراسیۆنانە هەمان ئۆپەراسیۆنی چیای ئاگرییە (١٩٣٠) کە زیاتر لە ٤٠٠٠٠ سەربازی تێدا بە دەستی ژمارەیەکی کەمی کوردان (مشتێك کورد) کەتبوونە تەنگانە" تا پشتیوانیی ئێرانیەکانیان وەرنەگرت، نەیانتوانی هەرێمەکە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. بەرامبەر بەمەش، کوردەکان توانییان دووبارە هەندێك لە سەنگەرەکانی خۆیان بستێننەوە، چونکە هێزەکانی سوپای تورك لە گەڵ داکەوتنی یەکەم بەفرو بۆراندا، بەناچاری تا چەند شوێنێکی دیاریکراو پاشەکشەیان کرد.

لەلایەکی تریشەوە، یاسای دوورخستنەوە کە ئەم خەڵکەی بە سزای مەرگ مەحکووم کردووە، فەرمانی خۆماڵیکردنی ماڵ و موڵکی ئەم خەڵکە دەدات و دەیانکاتە سامانی دەوڵەتی و، لەناوبردنی ڕێکخستنی خێڵەکیش بۆ ئەم کارە، بە بەهانە دێنێتەوەو وەکوو ڕیفۆرم نیشانی دەدات.

بە چاوپێداخشانێك بە کێشەکەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە مەبەست لە نەهێشتنی کەسی دەستڕۆیشتوو لەناو خێڵدا، هەمان

خۆمـاڵیکردنی بەشـێکی مـاڵو مـوڵکی لەگوێزانەوەنـەهاتووە کـە لای نەتەوە شارستانیەکان هەیە.

دیـارە ئـەم پرۆژەیـە بـە ئامـانجی لـەناوبردنو پاکتـاوی نـەژادیـی نەتەوەیـەك ئامـادە کـراوە، سـەرەڕای دوورخـستنەوەی نەتەوەیـەك لـە وڵاتی باووباپیرانی. پـرۆژەی نـاوبراو بـەدوای ڕێگەیەکیشدا گـەڕاوە کە ئاسـتەنگێك بەرامبـەر بـە کۆبوونـەوەی (١٠ کەسـیو ١٥ کەسـی)ی ئـەم خەڵکــە لــە شــوێنێکدا، دروســت بکــات. تــەنیا تــاوانی ئــەم گەلــە بەدبەختەش کوردو ئارییایی بوونو تۆرانی نەبوونە[٧] !

یاسـا، بـۆ گەیـشتن بـە ئامـانجی سـەرەکیی خـۆی، هـەموو جـۆرە ڕێوشوێنێکی پێویستی گرتوەتە بەر. بۆ نموونە، بەپێی ئەو یاسایە، لە بەشی ((ئەوانەی کە زمانیان تورکی نییە))دا، کەسانی غەیرە تورك کە لـە شوێنە کوردنشینەکاندا جێگیردەکرێن (کوردەکان)، بۆیان نییە لـەنێو خۆیانـدا تەنانـەت گرووپێکی هاوبەشـی کـاریش دروسـت بکـەن. ئەمەش لەکاتێکدایە کە کوردە دەرکراوەکان (ئاوارەکراوان) زۆربـەیان لـە سـەروەختی کۆچـدا دەمـرنو، ئەوانـەش کـە بتـوانن بگەنـە جێگـەی خۆیـانو لـە کۆچـەکەدا گیـانی خۆیـان بپـارێزن، تـەنیا لەڕێگـەی کـاری هاوبەشــەوە پێیــان دەکــرێ پێداویــستەکانی ژیانیــان دابــین بکــەنو بمێننەوە.

---

[٧] لە چەند ساڵی پێش ئێستاوە، بەپێی بڕیاری سـەرۆك کۆمار، نیشاندانی ئەوەی کـە تورکـەکانیش لـە نـەژادی ئاریـایین، زیـانێکی نییـە. بـەڵام کـوردە بێچارەکان، زیـاتر لەوەی کە بەپێی بڕیارنامە ئاری بن، بەگوێرەی بنەچە، نەژادو زمانیش ئارییایین.

ئەم یاسایە، وەکوو ئەو یاسایانەی کە باسی کەمکردنەوەی سزا دەکەن، هەندێك هەنگاوی بۆ دواوەشی تێدایە. بۆ نموونە، یەکێك لە بەندەکانی ئەم یاسایە، لەوە دەدوێ کە ئەوانەی وا بە زمانی تورکی قسە ناکەن و تورك نین، مافی ئەوەیان نییە گوند ئاوەدان بکەنەوەو کاری هاوبەش دابمەزرێنن، تەنانەت ئەوانەی کە بەر لە دەرچوونی یاساکەش هەبوون، پێویستە لەناوبچن و بلاوەیان پێ بکرێ. ئەم بەندە کە خراوەتە یاساکەوە، مەبەستی بلاوەپێکردنی خەڵك و وێرانکردنی هەندێك شوێنی وەکوو گوندو لەوەڕگەو ... کە لەکاتی دوورخستنەوەو کۆچی بەکۆمەڵی کورداندا بۆ شارو شوێنە تورکنشینەکان دروست کراون. حکوومەتی ئەنقەرە، بەم شێوەیە دوای ئەوەی کە ڕێوشوێنی پێویستی بۆ هەموو ڕێتێچوونێك ڕەچاو کردووە، بۆ ئەو کەسە تاك‌وتەرایانەش کە لە دەرەوەی ئەم وەزعانەدا ماونەتەوە، شتی پێویستی لە یاسای خۆیدا داناوە. بۆ نموونە، لە سەدەیەکدا کە شایەتیدان بەرامبەر بە هەندێك بەڵگەی بەرچاو بەهای کەمتر دەبێتەوە، حکوومەتی تورکیا لەڕێگەی ماددەیەکی تایبەتەوە (گومان)ی وەکوو بنەمای بەڵگە پەسند کردو، ئەمەشی بۆ سەلماندنی تاوانی هەر کەسێك بەکارهێناو بناغەی تاوانێکی گشتیی دانا.

* ئەو کەسانەی کە گومانی سیخوڕییان لێ دەکرێ:

لێرەدا مەبەست ئەو کەسانە نین کە کاری سیخوڕی دەکەن، یاخود بەڵگە کەوتبێتە دەست سەبارەت بەوەی کە ئەو کارەیان کردبێ، بەڵکوو مەبەست ئەو کەسانەیە کە گومانی سیخوڕییان لێ دەکرێ. مادام ئەم

تاوانـە لەڕێگـەی هـیچ بەڵگەیەکـەوە نەسـەلمێندراوەو دەسـت نیـشان نەکراوە، ئەو کاتە دەتوانرێ گومان لە هەموو کەسێك بکرێ.

بەشی کۆتایی باسەکەش، چەند لێبوردنێکی بۆ پەنابەران تێدایە، کە بە قازانجی تورکەکانەو چنگ دەنێتە بینی کوردەکان. لەگەڵ ئەمەشدا، خاڵێك هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ، ئەوانەی کە لە هەرێمە پلە دووەکانداو ئەوانـەش کـە لـە هەرێمـە پلـە سـێیەکاندا نیـشتەجێ دەکـرێن، بەیـەك جـۆر مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەکرێـت. ئـەو کەسـانەی کـە لـە هەرێمـە پلـە دووەکانـدا نیـشتەجێ دەکـرێن، کوردەکـانن و دەیانبەنـە نێـو شـوێنە تـورکنـشینەکان" ئەوانەش کە لە هەرێمە پلە سێیەکاندا جێگیر دەبن، ئەو تورکانەن کە دەچنە هەرێمە کوردنشینەکان.

ئاخۆ هۆی ئەوە چییە کە بە یەك جۆر مامەڵە لەگەڵ کوردو تورکەکاندا دەکرێ ؟ هۆی ئەمە زۆر سادەیە: هەرێمە پلە سێیەکان ئەو شوێنانەن کەوا لەلایـەن کوردەکانـەوە چـۆڵ دەکـرێنو، تورکـەکان دەتـوانن بـەبێ یارمـەتیی دەوڵەت لەوێ بمێننەوە. دیارە هیچ تورکێك نایەوێ بەبێ یارمەتیی دەوڵەت لە شوێنێکدا نیشتەجێ ببێ کە لە وڵاتی باووباپیرانیەوە دوورە. هەر لەبەر ئەمـەش، بـە یـەك جـۆر مامەڵـە لـە گـەڵ کوردەکـانو دانیـشتوە تورکـە خەیاڵیەکانی ئەم هەرێمەدا دەکرێ (چونکە تورکێك لەوێ نابێ، بۆیە بە یەك جۆر مامەڵە لەگەڵ کوردو تورکەکانی ئەوێدا دەکرێ). پێمان وایە ناوەڕۆکی یاسـا پـڕ لـە بەخـشندەییەکەی ! "کولتـووری تـورك"مـان لەڕێگـەی ڕوونکردنەوەکانی خۆمانەوە ئاشکرا کردبێ.

بـەڵام هاوکـات تـاووتوێکردنی بـەختی سـەرگرتنی ئـەم یاسـایە لـە بـواری مـادیو داراییـەوە بێسـوود نابـێ. نەخـشەکە دەکەمـەوەو

هەنـدێك ناوەنـد لـەنێوان كوردسـتان‌و پارێزگـا تـورك‌نـشینەكاندا هەڵدەبژێرم. خەت‌و دووریی نێوان ئەم ناوەندانە، بەشێوەیەكی گشتی، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لـە جۆڵـەمێرگ (هـەكاری)ـەوە تـا ئیـزمیر (١٥٥٠كـم)ە، لـە (دیاربـەكر)ەوە تـا بورسـا (١١٥٠كـم)ە. لـە (بایەزیـد)ەوە تـا تراكیـا (١٧٠٠كم)ە. لە (خارپووت)یشەوە هەتا گەلیبۆلو (١٢٠٠كم)ە.

دیـارە ڕێگـەكان، لەبـەر ناهـەمواری و شـێوەی كەوانـەییی دوورایییەكان‌و هەندێك هۆی ئابووری‌و ئیداری، درێژتر دەبنەوە. ئەگەر ئەم زیادكردن‌و درێژبوونەوەیە وەكوو چواریەك پەسند بكەن، ئەوا ژمارەكان بەم جۆرەیان لێ دێ: (١٥٠٠-٢١٢٥-١٤٣٧-١٩٣٧).

بەشـێوەیەكی گـشتی، دووریـی كوردسـتان‌و شـارە تـورك‌نـشینەكان (١٧٥٠)ە، واتـە -بەشێوەیەكی تر- دوورایییەكە هەر كوردێكی دوورخراوە، بۆ گەیشتن بە شوێنە تورك نشینەكان، پێویستی بە بڕینی هەیە.

بـەگوێرەی ئامـاری ڕەسمیـی تـورك، ژمـارەی دانیـشتوانی توركیـا (١٤,٠٠٠,٠٠٠) كەسە. پێمان وایە ئەگەر بڵێین (٣,٠٠٠,٠٠٠)ی ئەمانە كـوردن، زیادەڕۆییمـان نـەكردووە. بـەم پێیـەش، ژمـارەی ئـەو كەسـانە دەركـەوتن كـە دەبـێ لـە وڵاتـی خۆیـان دوور بخرێنـەوەو ناچـارن بـڕی (١٧٥٠كم) بە ڕێگەدا بێن. ئەگەر لەگەڵ ئەمەشدا بڕی ئەو پارەیە دیاری بكرێ كە بۆ سەرخستنی پڕۆژەكە پێویستە، شتێكی باش دەبێ. بۆ خـوردو خـۆراك‌و دابینكردنـی پێداویـستیەكانی پـشوودانی هـەر تاكێـك، لانی كـەم (٨٧٥) فرانك پێویستە، تاكوو بتوانێ (١٧٥٠كم) ڕێگـە ببڕێ. بەڵام ئەگەر وای دابنێین كە بەشێكی ڕێگەكەیان بە پیادەیی دەبڕن‌و زۆر

جار له دەرەوەو سەر زەویی ڕووت دەخەون و خواردەمەنیی خۆیان دابین دەکەن، چواریەکی ئەم ژمارەیە کەم دەکەینەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە (٦٥٦) فرانکە، یانی (٦٥٦) فرانك بۆ هەر کەسێك پێویست دەبێ. هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە منداڵەکان ئاساتر دەبرێن و خەرجیی خۆراکی کەمتریان هەیە، (٥٦) فرانکی تری لێ کەم دەکەینەوە، واتە دەبێ بە (٦٠٠) فرانك. کاتێ (٦٠٠) فرانك بۆ هەر کەسێك خەرج بکرێ، زیاتر لە (١٨٠٠٠٠٠٠٠٠) فرانك بۆ سێ ملیۆن کەس پێویست دەبێ. بە هەمان شێوەش، ئەگەر بۆ هەر پێنج کەسی دوورخراوە، فرانکێك بۆ برینی کیلۆمەترێك ڕێگە پێویست بێ، کۆی خەرجیی گشتی بۆ (١٧٥٠)کم، دەبێ بە (١٠٥٠٠٠٠٠٠٠) فرانك. کۆی ئەمەو خەرجیی تری دوورخراوەکانیش، دەبێ بە (٢٨٥٠٠٠٠٠٠٠) فرانك. یانی، بەشێوەیەکی تر، لانی کەم بڕی ئەم پارەیە بۆ چۆڵکردنی کوردستان پێویستە.

دیارە بۆ نیشتەجێکردنی تورکەکانی تر لەباتی کوردە دەرکراوەکان لە کوردستان، خەرجیی تریش پێویستەو، دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکرێ.

ئەگەر پێچەوانەکەشی بکرێ، ئەوا پێویستە حکوومەتی ئەنقەرە دان بەوەدا بنێ کە زیاتر لە سێیەکی خاکی تورکیای بێمرۆڤو چۆڵ هێشتوەتەوە. قبووڵکردنی ئەمەش شتێکی سەختە. جێگیرکردنی خەڵکێکی زیاتر لەباتی دوورخراوەکانی وڵاتێکی وەکوو کوردستان کە ژمارەی دانیشتوانی کەمە، بەپێی عەقڵ و مەنتیق، زۆر باشترە. بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی هەموو ڕێتێچوونێك لەبەرچاو بگرین، وای لەقەڵەم دەدەین کە ژمارەی دوورخراوەکان و ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەباتی

ئەوان نیشتەجێ دەکرێن، وەکوو یەکە. دیارە خەرجیی بارکردنی تورکەکان بۆ کوردستان لە خەرجیی دوورخستنەوەی کوردەکان زیاترە، چونکە ناتوانن بە هەمان شێوەی ڕەفتارکردن لەگەڵ کوردە دەرکراوەکاندا، لەگەڵ تورکە دەعوەتکراوەکاندا بۆ خاکی کوردستان بجووڵێنەوە. بەپێچەوانەشەوە، دەبێ تورکەکان ڕازی بکەنو قەناعەتیان پێ بهێنن کە شوێنەکانی خۆیان بەجێبهێڵنو لە کوردستان نیشتەجێ ببن. لەلایەکی تریشەوە، ئاشکرایە ئەم کۆچەرانە لەنێو چیاو دەشتەکانی کوردستاندا جێگیر ناکرێن. هەتا ئەو کاتەش کە بتوانن بەرهەم بهێننو ئامرازەکانی نیشتەجێبوونی خۆیان دروست بکەن، دەبێ پێداویستەکانی ژیانیان دابین بکرێن، ئەگینا مەرگ چارەنووسیان دەبێ. لەئەنجامدا، خەرجیی بارکردنی تورکەکان بە دوو قاتی خەرجیی گواستنەوەی کوردە دەرکراوەکان دادەنێینو، ئەوەش بڕە پارەیەکی (٥٧٠٠٠٠٠٠٠) فرانکی دەکات. ئەگەر ئەم پارەیەو خەرجیی (٢٨٥٠٠٠٠٠٠)ی گواستنەوەی کوردان بخرێتە سەریەك، بڕی (٨٥٥٠٠٠٠٠٠) فرانك پێویست دەبێ. شایانی باسە، بڕی ئەم پارەیە بە هیچ شێوەیەك خەرجیی پێداویستەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنەو دائیرەکانی دوورخستنەوەو مووچەی فەرمانبەرانو هێزە پاسەوانەکانی کۆچپێکردنو ڕێکخراوە نائاساییەکانی ئەم کارە، ناگرێتەوە.

ئەم حیسابە بچووکە ئەوەمان پێنیشان دەدات کە ئەگەر کوردەکان هیچ بەرخۆدانێك لە خۆ نیشان نەدەنو ئامادەیی خۆیان بۆ کۆچکردن دەرببڕنو، بە هەمان شێوە تورکەکانیش بە ڕەزامەندیی خۆیان بیانەوێ

لــە کوردســتان جــێگیر بــبن، دیــسان خــەرجیــی پێویــست زەمینــەی سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە خۆش ناکات.

چـەند باوەڕهێنـان بـەوەی کـە کوردەکـان (تەنانـەت ئەگـەر چـەکیش بکـرێن) ڕەزامەنـدیی خۆیـان بـۆ دوورخـستنەوە لـە شـوێنی خۆیـان دەردەبڕن، شـتێکی پڕوپـووچ بـێ، بە هـەمان ئەندازە قەناعـەتکردنیش بـەوەی کـە تورکـەکان بـە ویـستی خۆیـان وڵاتـی باوباپیرانیـان بـەجێ دەهـێڵن و لـە هەرێمێکـدا نیـشتەجێ دەبـن کـە کەش و هەوایـەکی دژواری هەیە، شتێکی پڕوپووچە.

گریمـــان کوردەکـــان وەکـــوو گەلەمـــەڕی ئـــارام ڕازی دەبـــن بـــە دوورخستنەوە لە چیاو دەشتەکانەوە بۆ شوێنی دووردەست، کەوابوو پێویستە جێگەی تازە بۆ نیشتەجێبوونیان پەیدا بکرێ.

ئایا گوندییەکی بێچارەی تورکی ئەنادۆڵ کە بەزۆر بە گاسنەکەی (نیڵ) خۆی نانێك دەردێنێ، ڕێ بە هاتنی کەسێکی نائاشنا دەدات کە دێت نانەکەیی لەگەڵدا بەش بکات و بخوات ؟ ئایا ئەوەندە باوەڕی بە چارەنووس هەیە ؟

هەروەها ئەو تورکانە کە لەبری کوردەکان لە کوردستان دەمێننەوە، لەکوێ و چۆن نیشتەجێ دەکرێن ؟

بـۆ نموونـە، بـا تارتـارە دوبورجا (Doburca) و کـریم (Krm)ـەکان و تورکــەکانی ئازەربایجــان لەبەرچــاوبگرین، ئایــا کــۆچ پێکردنــی ئــەم مرۆڤانـە بـۆ شـوێنێك کـە نـاتوانن هـیچ سـوودێکی لێ ببیـنن، شـتێکی شــیاوە ؟ ئەگــەر ئەمــەش بکــرێ، ئایــا دەتــوانن لەگــەڵ کەش و هــەوای هەرێمی کوردستاندا هەڵ بکەن ؟

ئەو نموونەیەی کە ساڵی ١٩٠٢ لەسەر کۆچەرەکانی (کریت) تاقی کراوەتەوە، دەریخستووە هەرێمی کوردستان میواندۆستی، بەرامبەر بە هیچ کەسێکی تر، لە کوردەکان خۆیان بەدەر نیشان نادات و کەسی تر ناتوانێ لەوێ بژی. کۆچەرەکانی کریت بۆ ئەوەی لە ئاوی فورات نەپەڕنەوە، هەموو یارمەتیەکانی دەوڵەتیان ڕەت کردوەتەوەو بە خەرجیی خۆیان لە ئەنادۆڵ خۆیدا نیشتەجێ بوون. ئەگەر بۆ ساتێکیش وەها بیربکەینەوە کە حکوومەتی ئەنقەرە دەیەوێ بەشێکی تورکەکانی ئەنادۆڵ و تراکیا بگوێزێتەوە بۆ وڵاتی کوردان، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەم پڕۆژەیە هیچ سەرکەوتنێکی بە نسیب نابێ. کوردستان، نەك لەئەمڕۆوە، بەڵکوو لە سەدان ساڵ پێش ئێستاوە، کاتێ تورکەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە کۆچیان دەکرد بەرەو ڕۆژئاوا، نەبوو بە شوێنێکی نیشتەجێبوونیان، بەڵکوو تەنیا بوو بە ڕێگەی دەربازبوونیان و، کاتێکیش ئاوی (فورات)یان تێپەڕاند، وڵاتیان بۆ خۆیان دۆزییەوە.

شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەکانی سەرەوەمان، دەمانگەیەننە ئەنجامێکی دیاریکراو کە پشت بە ئامارەکان دەبەستێ.

بێمرۆڤ هێشتنەوەی خاکی کوردستان و ئۆپەراسیۆنی جێگیرکردنی خەڵکی تر، تەنیا بۆ تورکیایەك کە هەموودەمێك بودجەیەکی کەمی هەیە، بەڵکوو بۆ ئەو وڵاتە گەورانەش کە بودجەیەکی سیستەماتیك و ئابوورییەکی بەهێزیان هەیە، دیسان کارێکی سەخت و دژوارە.

تەنانەت ئەگەر گریمان بودجەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەش لەئارادا بێ، دووبارە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. شوێنێك پێویستە بۆ چۆڵکردنی کوردستان، بەڵام ئەم شوێنە لە هیچ کوێیەك پەیدا نابێ. بە

هـــەمان شـــێوە، کەرەســـتە پێویـــستە، کـــە دەســـتیش ناکـــەوێ، بـــۆ پڕکردنەوەی کوردستانی چۆڵکراو.

لـە ئەنجامـدا، بـە ئاسـانی ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێ کـە ئـەم یاسـایە جێبـــەجێ نابـــێ و، پێـــشبینیی چارەنووســـی کـــوردانیش دەکـــرێ. بێگومانیـشین کـە بەڕێوەبەرایـەتیی ئەنقـەرە ئاگـادارن کـە ئـەو یاسـایە هـیچ کاتێـك جێبـەجێ ناکرێـت. باشـە کـەوابوو بۆچـی ئـەم یاسـایەیان دەرکردو بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕایانگەیاند ؟!

بێگومـان ئەمـە تـەنیا بـۆ بـە ڕاسـت نیـشاندانی دڕندایەتیـەکانی خۆیانە لە کوردستان (کە هەمیشە ئەنجامی دەدەن).ئەو یاسـایە تـەنیا بـۆ داپۆشـینی دڕندایەتیـەکانیان و پاسـاودانەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکـەی مستەفا کەمال پاشایە لە تورکیا، بۆ بە ڕاست نیشاندانی ئەوانەیـە کە بەرژەوەندیان لە مانەوەی ئەم بەڕێوەبەراتیەدایە.

پێـشتر ئاماژەمـان بـەوە کردبـوو کـە یاسـاکە لـە ٥ی مایـسی ١٩٣٢دا دەرچـووە. ماوەیـەکی کـورتی دوای ڕاگەیانـدنی ئـەم یاسـایە، جـۆش و خرۆشـێك لـــە هـــەموو کوردســـتاندا پەیـــدابوو. حکوومـــەت کـــە لـــە ڕاپەڕینێکی تری کوردان دەترسا، دەیویست ڕای گشتی ئارام بکاتـەوە. لەبەرئـەوەش لەڕێگـەی یاسـایەکەوە خـۆی بـەدرۆ نەخاتـەوە، هیـچی نـەوت. بـەڵام باس‌وخواسـی ئـەوەی کـە ئـەم یاسـایە هێـشتا لـە قۆنـاغی لێکۆڵینەوەدایـەو دە سـاڵی تـر قسە لـە جێبـەجێکردنی دەکرێـت، لـەنێو خەڵکدا بڵاوکرایەوە (دەوڵـەت). لەگـەڵ ئەمەشـدا، کۆکردنـەوەی چەك لـە کوردسـتان بـەردەوام بـوو، چـونکە ئیـدی کوردەکـان ئـەو مەترسـیانەیان دەبینی کە هەموو ڕۆژێك ڕووبەڕوویان دەبوونەوەو، دەیانویست دەست

بەچەك بن بۆ هەر جۆرە پەلامارێكی چاوەڕوانكراوی بەرپرسانی توركیاو، بەو مەبەستەشەوە هەموو شتێكی خۆیانیان دەفرۆشت.

لێرەدا بەشە بابەتێكی ڕۆژنامەیەكی عەرەبی بەناوی "القبس"ـەوە دێنینەوە كە ڕۆژی ١٩ی ئاب بە سەردێڕی "خۆڕاگریەكانی بەرامبەر یاسای دوورخستنەوەی كوردان" و سەبارەت بە كێشەی كورد لە كۆماری توركیا بڵاوكرابووەوە:

((سێ ساڵ پێش ئێستا، حكوومەتی توركیا یاسایەكی بۆ دوورخستنەوەی كوردەكانی پارێزگاكانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەنادۆڵو توركیاو نیشتەجێكردنی توركەكانی باڵكان لەباتی ئەوان، ئامادەكردبوو. ئەم یاسایە تائێستا جێبەجێ نەكراوە. شای ئێران كاتی سەردانەكەی خۆی بۆ توركیا، ڕێككەوتنێكی لەگەڵ بەرپرسانی ئەم وڵاتەدا سەبارەت بە كێشەی كورد لە ئێرانو توركیا مۆر كرد. هەر دوای ئەم ڕێككەوتنە، حكوومەتی ئەنقەرە هەڵی جێبەجێكردنی یاساكەی قۆستەوە، بۆیە بۆ ڕێگرتن لە پەنابردنی ئەو كوردانەی وا نایانەوێ دووربخرێنەوە بۆ عێراقو سووریا، لەگەڵ هێزەكانی فەڕەنساو ئینگلتەرەدا لەسەرسنوورەكان ڕێك كەوت. دوای ئەوەی حكوومەتی ئەنقەرە وڵاتە هاوسنوورەكانی خۆی بۆ هاوكاری قایل كرد، كەوتە ئۆپەراسیۆن لە هەرێمی (بۆتان). ئەم هەرێمە چیاییە كە سنووری هاوبەشی لە گەڵ ئێرانو عیراقو سوریادا هەیە، شوێنێكی زۆر گونجاوە بۆ ئەو كوردانەی هەرێمەكانی باكوور كە لە دەستی توركەكان ڕا دەكەن. بەم جۆرەش، حكوومەتی ئەنقەرە شوێنێكی ستراتیژیی كوردانی چۆڵ كردو خستیە بەر خزمەتی خۆی. لەلایەكی

ترەوە، لەکاتێکدا دانیشتوانی هەرێمەکە ناچار دەکرێن خۆ ئامادە بکەن بۆ دوورخستنەوە، ئەو هێزانەی سوپای تورک کە پێشتر لە (جزیرە) بوون، ناوەندی شڕناخ داگیردەکەن. کوردەکانیش، بەرامبەر بە فەرمانی بەرپرسانی دەوڵەت، زیاتر لەوەی کە پەنا ببەنە بەر چیاو گوندە بچووکەکانی کوێستانەکانو چاوەڕێی مانەوە بن، هیچ چارەیەکیان لەبەردەم چارەنووسی خۆیاندا بۆ نامێنێتەوە. کەنعان پاشای فەرماندەی باڵی عەسکەریی دیاربەکر، خۆی بۆ خۆی چووە شڕناخو بەرپرسیی ئۆپەرسیۆنەکەی گرتە ئەستۆ.

کاتێ ئەم فەرماندەیە چاوی بەوە دەکەوێ کە کوردەکان لە دەستی یەکەکانی سوپا ڕا دەکەنو خۆیان دەشارنەوە، ئەوسا تۆپەکانی (کە پێشتر برابوونە ئەوێ) هێنایە جزیرەو پەناگەی کوردەکانی پێ بۆمباباران کرد. لە قەزای دیجلە (؟)ی سووریا کە هاوسنووری ئەو هەرێمەیە، شەوان دەنگی تۆپو تفەنگ دەبیسرا. تەنانەت فڕۆکەکانیش بۆ ماوەی چوارپێنج ڕۆژ بەشداریی سووتاندنی گوندەکانیان کرد. دوای ئەو بۆمبابارانە، هێزی پیادە فەرمانی پاکسازیی هەرێمەکەی وەرگرت. هەر لەوکاتەشەوە، کوردەکانو هێزەکانی سوپای تورک ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوەو کەوتنە ناو پێکدادان. کوردەکان کە مردنیان لە وڵاتی خۆیاندا لە مردن لە ڕێگەیەکی هەزاران کیلۆمەتریدا پێ باشتر بوو، بێئومێدانە شەڕیان دەکردو دوو دەستەی هێزی پیادەی سوپایان بەدیلی گرت. ئەمەش کارێکی کرد چەكو تەقەمەنییان دەست بکەوێ، کە پێویستیان پێیان هەبوو بۆ درێژەپێدانی ژیانو پاراستنی خۆیان. خێڵە دراوسێکانی تری ئەوێ

کـه لەگـەڵ ئەمانـەدا هـاووڵاتی بـوون، هەسـتیان بـە مـەترسـیی سـەر خۆشیان کردو بڕیاری یارمەتیدانی ئەوانیان دا.

١٥ی ئابی ساڵی ١٩٣٤، دووبارە شەڕ کەوتەوە نێوان خێڵە کوردەکانو یەکەکانی سوپای تورکیا. لەبەر ئەوەی هێزەکانی سوپا نەیاندەتوانی لە هەرێمی چیاییدا مانۆڕی باش بکەن، زیانێکی زۆریان بەرکەوتو ڕێژەیەکی بەرچاوی پێداویستی شەڕیش کەوتە دەستی کوردان.

وەکوو هەندێك لە ڕۆژنامەکان نوسیوویانە: ((ئەمە ڕاپەڕینێکی کوردان نییە، بەڵکوو خۆڕاگرییانە بەرامبەر بە بەڕێوەبەرایەتیی ئەنقەرە کە دەیەوێ دووریان بخاتەوە بۆ ڕۆژئاوا)).

دوایین ڕستەکانی بابەتەکەی ڕۆژنامەی "القبس"، هەندێك شتی سەبارەت بە ڕاپەڕین (گوایە ڕاپەڕین)ی کوردان تێدایە، هەندێك ڕۆژنامە دەیانەوێ وەها بیبیستن.

بێگومان هەتا ئەو کاتەی کوردان بوونێکی نەتەوەیی بۆ خۆیان پەیدا دەکەن، سەرهەڵدانو ڕاپەڕین لە کوردستاندا هەبوە و دەبێ و لە ئایندەشدا بەردەوام دەبێ. بەڵام ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆژنامەکە باسیان دەکات، هیچیان ڕاپەڕینێکی ڕێکخراوی سەرۆك خێڵەکان نەبوون، بەڵکوو خۆڕاگریو چالاکیی خۆپاراستن بوون بەرامبەر بە بەڕێوەبەرایەتییەك کە هەمیشەو بەبێ هیچ دوودڵییەك ئامادەی کوشتاری هاووڵاتیانی خۆیەتی. ئەمە شتێکە کە یاساکانی سروشت بە شێوەی مافی ژیانو خۆشەویستیی ژیانو، یاساکانی سزادانیش بە شێوەی پارێزگاریی ڕەوا ناساندوویانە.

سەرانی کورد کە هەمووده‌م ئامادەی ڕشتنی خوێنی خۆیانو نەتەوەکەیانن بۆ ڕزگارییان، تا ئەو کاتەی هەلومەرج لەبار و ئەو

کارەش قازانجی بۆ ژیانی کوردان نەبێ، لە ڕژاندنی خوێندا زۆر هەستیارانە هەڵسوکەوت دەکەن. لەوەش زیاتر، ئەوە تەنیا هەلێك دەداتە حکوومەتی ئەنقەرە، کە هەمیشە ئامادەی ڕشتنی خوێنی کوردانەو تەنیا سوود بەوان دەگەیەنێ.

دیارە مرۆڤ بەئاسانی لەوەش تێدەگات کە حکوومەتی ئەنقەرە، بۆ شاردنەوەی دڕندایەتیەکانی خۆی، جاروبار ئەم جۆرە ڕووداوانەی وەکوو ڕاپەڕین نیشان داوە. بۆ ئەوەی بۆچوونێك سەبارەت بەم شتە بدەین بەدەستەوە، لێرەدا بەشێکی نامەیەك بڵاودەکەینەوە کە سەبارەت بەم ڕاپەڕینانەیە و ١٨ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٤ نووسراوە:

((چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا، مەفرەزەیەکی بیست کەسی لە سەربازەکانی سوپا، بە مەبەستی کۆکردنەوەی چەك، سەریان لە ماڵی ئیبراهیم ئاغای برازای خوالێخۆشبوو "محەمەدی عەلی یوونس"[٨] دا. خانەخوێ کاتێ چاوی بە چەکدارەکان دەکەوێ، ماڵەکەی بەجێدەهێڵێ و خۆی لە ماڵی دراوسێکەیان دەشارێتەوە. سەربازەکان تەقەیان لێ کردو کوشتیان. دوو خزمەتکارەکەشی کە دەیانویست لە شوێنی ڕووداوەکە ڕا بکەن، بە هەمان شێوە کوژران. کاتێ برازاو خزمەکانی ئیبراهیم ئاغا ڕووداوەکە دەبیستن،

---

[٨] محەمەدێ عەلیێ یوونس "Mehmedê Aliyê ûnis"ی سەرۆکێکی دیاری خێڵاتی بە گەلی چیایی ناسراو کە لە چیاکانی ساسۆن دەژی، لەلایەن بەڕێوەبەری قەزاوە دەعوەت کرابوو بۆ نانی ئێوارە. بەڵام کاتی میوانداریەکە، بە دەستی جەندرمەکان کوژرا. شایانی باسە، دوو خزمەتکاریشی کە لە دەرەوە بە سواری ئەسپەکانیانەوە چاوەڕێی ئەویان کردبوو، هەمان شتیان بەسەردا هات و چارەنووسیان وەکوو یەکی لێ هات.

هەست بە مەترسی دەکەن‌و چەك هەڵدەگرن‌و گوند بەجێ‌دێڵن. مەفرەزەکەش دوایان دەکەوێ‌و تەقەیان لێ دەکات، ئەوانیش وەڵامیان دەدەنەوە. لە ئەنجامدا فەرماندەیەك‌و دوو سەرباز دەکوژرێن. دواتر کوردەکان پەنایان بردە بەر چیاو، بەرپرسانی حکوومەتیش (دوای بیستنی ڕووداوەکە) مەفرەزەی تریان ڕەوانەی هەرێمەکە کرد.

ئەو شتانەی کە بە ڕاپەڕینی کوردەکان ناودەبرێن، ئەم جۆرە ڕووداوانەن‌و، سەرکردە کوردەکانیش بەوە تاوانبار دەکرێن کە هاووڵاتیەکانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە.

با بچینەوە سەر باسی سەرەکیی بابەتەکە، کە بوو بەهۆی ئەوەی لەم شتانە بدوێین. دوای ڕووداوەکانی بۆتان، فەرماندەی باڵی عەسکەریی دیاربەکر، لەبەر هۆیەکی نەزانراو، ڕۆیشتەوە دیاربەکرو ئۆپەراسیۆنەکان وەستان. وەکوو هەموو جارێکیش، ژنان‌و پیران‌و منداڵان بەتایبەتی‌و خەڵکی بێ‌چەك بەگشتی، زیانی ئەنجامە بێ‌خێرەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنانە بەرکەوت.

دوای ماوەیەکی تر، شەوی ٢٧|٢٦ی ئەیلوول لە جزیرەوە هەواڵی دەستگیرکرانی ٣٢ پیاوماقووڵی ئەو هەرێمەمان پێ‌دەگات، کە تەنانەت ڕێگەیان پێ‌نەدراوە دوایین قسەکانی خۆیان بە بنەماڵەکانیان بڵێن‌و خراونەتە زیندان. لە هەمان شەودا ئەم ٣٢ کەسە بەرەو دیاربەکر دەبرێن. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە لە شوێنە جیاوازەکانی هەرێمی جزیرەوە بە ئێمە دەگەن، هەر لەو کاتانەدا کە ئەوانە دەبەن، زیاتر لە

١٠ گۆرانیبێـژیش کـە بـەیتو بالۆرەیـان بـە بـالآی سـەرکردە ڕاپـەڕیوە شەهیدکەوتوەکاندا گوتووە، دەستگیر دەکرێن[٩].

کاتــێ پیاومــاقوولانی جزیــرە دەگەیەننــە دیاربــەکر، ئازادیــان دەکـەنو، ڕۆژی دووهـەم کـەنعان پاشا لـە مـاڵی سـوپا، وەکـوو ئـەوەی هاوڕێی کۆنی بن، میوانداریو پێشوازیی گەرمیان لێ دەکات. لـەوەش زیـاتر، لەبەرئـەوەی فەرمانـدە دەیـەوێ خـۆی لـە چـاوی ئەوانـەدا شیرین بکات، ئەوانە دەعوەتی سینەمای بنەماڵـەی ئەفسەران دەکـات. ڕۆژی دواتـر ئەم دوورخراوانە، بەبێئەوەی چاوەڕوانی میوانداریيـەکی تـر بن، سوپاسـی خاوەن ماڵە بەڕێزەکەیان دەکەنو دەگەڕێنـەوە. ئـەو ماوەیـە کـە تێپـەڕ بـوو، چـی بـوو بـەهۆی ئـەوەی کـە بەرپرسـان ناچـار بکـات وەهـا بجووڵێنـەوە ؟ بێگومـان مـەترسیی بـەرخۆدانێکی چەکدارانەو ئەگـەری ڕاپـەڕینێکی تـر ! هــەواڵی دوورخــستنەوەی ئــەم ٣٢ پیاوماقووڵــە کــە بەشــێکی زۆری

---

[٩] لـەم ڕێگەیـەوە، دەگـوترێ فۆلکلـۆری کـوردی دەوڵەمەندییەکی زۆری هەیـە. زۆربـەی ڕووداوەکـان بـە گـۆرانیی جیـاواز دەهێنرێنـەوە سـەر زمـان. تەنانـەت سـەرکەوتنی میرنـشینەکانو، ڕووداوی نێـو شـەڕەکانو شەڕوشـۆڕی خێڵـەکانو قارەمانی شـەڕە بچووکەکانیش، لـە گـۆرانیو بالۆرەکانـدا دەست نیشان کـراون. هەر لەبەر ئەم هۆیەش، بۆ ئەوەی کە جارێکی تر نەگەڕێنەوە، ویـستیان دووریـان بخەنەوە لە وڵاتی خۆیان. شیعرەکان لەڕێگەی ئەم ئەدەبیاتـەوە کـە سەرچاوەیان کردەوەکانی خەڵکە، لەدوای ١٩٢٥ـەوە هەموو ئـەو ڕووداوانەشـی تۆمـار کـردووە کە هاتوونەتە ئاراوە. ئەم دێڕانە کە ئەدەبیاتی میللیو بە گۆرانی دەگوترێنـەوە: باسی شێخ سـەعید لـەکاتی گـەمارۆدرانی دیاربـەکردا، گیرانی خـارپووت لەلایـەن کوردەکانــەوە، دوورخرانــەوەی ســەرکردە کوردەکــان بــۆ وڵاتــە بیانیــەکانو هەوڵدانەکانیان بۆ ڕزگاریی وڵاتی خۆیان، دەکەن.

کوردستانیان بۆ گەیشتن بە دیاربەکر تێپەڕاندبوو، لە هەموو کوردستاندا بڵاوبووبوەوە. خەڵك دووبارە خرۆشابوو: تەنانەت شتی زۆر سەبارەت بە خۆسازدان بۆ ڕاپەڕین و گیانبەختکردن دەبیسترا.

حکوومەتی ئەنقەرە، سەرباری تێپەڕینی ١٠ ساڵ بەسەر کۆکردنەوەی چەکی کوردستاندا، هێشتا لە ڕاپەڕینێکی چەکداری دەترسا، لەبەرئەوە فەرمانی گەڕانەوەی ٣٢ کەسەکەی بۆ جزیرە دەرکردو، تەنیا ڕووداوەکانی بۆتان و قوربانیەکانی بەس بوون. لەڕاستیدا یاسای جێبەجێکراوی حکوومەتی ئەنقەرە وەها ڕادەپەڕێنرێ، جاروبار پەلاماری هەرێمێکی کوردی دەدات.

هەرچەندە کۆیلایەتیی کوردان تاکوو سەدان ساڵی تریش بەردەوام بێ، دیسان ئەم سیستەمە ڕێگە بە تورکیا نادات خەڵکی کورد لەناو بەرێ. حکوومەتی ئەنقەرەش هەمووده‌م خەڵکێکی بێتاوان کە دەستەکانی چەك هەڵناگرن، بۆ خۆشیی خۆی، دەکوژێ. بەگوێرەی ئەو شتانەی کە باسمان کردن، یاسای دوورخستنەوە شتێکی لەوە زیاتر نییە کە بەهانەیەك بێ بۆ ستەمی زیاتری بەڕێوەبەرانی ئەنقەرە لەسەر خەڵکی کوردو، تەنیا هەلومەرجی ئەوەشیان بۆ فەراهەم دەکات. ئەوەش لەسەردەمێکدا کە کۆیلە ڕەشپێستەکان و تەنانەت ئاژاڵەکانیش لە پەلامار دەپارێزرێن.

ئەو ئامانجانەی کە سەرکردە کوردەکان بەدوایانەوەن: زۆر سادەن، ئەوەش تەنیا پێکهێنانی بوونێکی نەتەوەییە بۆ پاراستنی خەڵکی خۆیان لە هەر جۆرە پەلامارێکی دەرەکی. سەرکردە کوردەکان لە

هــەموو شــوێنێك تاقیــب دەكــرێن‌و، ڕێــی تێ‌دەچــێ هــەمووكاتێك لەمەترسیدا بن، بەڵام هیچ كاتێك بێ‌هیوا نابن.

ســەركردە كوردەكــان دەزانــن چــییان دەوێ‌و، بــۆ بەدەســتهێنانی ئەوانــەش بــەبڕیارن‌و زۆر ســادەن‌و، فرمێــسك بــۆ مەینــەتی‌و ئــازاری نەتــەوەكانی تــر هەڵدەڕێــژن‌و باوەڕیــان بــە ((ڕاســتی لەپێــشكەوتندایەو هیچ شتێك ڕێی لێ ناگرێ)) هێناوە.

لەكۆتاییــدا، پــاراگرافێكی فەرهــەنگی دیپلۆمــاســیی "ڤاســیلی نیكیتین" سەبارەت بە كێشەی كورد دێنینەوە:

((وەكـوو ئـەنجامی ئـەم شـتە كورتـە، دەمـەوێ بـاوەڕی قـووڵی خـۆم بهێنمە سەر زمان: چارەنووسی كێشەی كورد چی دەبێ با ببێ. ئیدی ویــژدانی نەتــەوەكان ناتوانــێ چاوپۆشــیی لــێ بكــات و، لــە بــاری عەدالەتــەوە، پێویــستە ئــەم كێــشەیە بــەگوێرەی چــەمكە هاوبەشــەكانی مرۆڤایەتی كە وەكوو خەزێنەن، چارەسەر بكرێت. ئیتر دەرفەت نەماوە ئەم جۆرە هەوڵانە پووچەڵ بكرێنەوە)).

قەڵەمشاهـ

١٥ی تشرینی یەكەمی ١٩٣٤

هەرگۆڵ ئازیزان "جەلادەت عالی بەدرخان"